# من نیگام لەبەر ئەڕوا

شیعر

ئەحمەد ڕەزا

٢٠١٩

ناوی کتێب : من نیگام لـەبەر ئەڕوا

بابەت: شیعرۆ

نوسینی: ئەحمەد ڕەزا

نەخشەسازی پەرتووك :کیکۆ دیزاین

چاپخانە : تەژنە

تیراژ : ٥٠٠ دانە

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

ساڵ و شوێنی چاپ: ٢٠١٩– سلێمانی

*لـەبەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی

( ) ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە.



# من نیگام لەبەر ئەڕوا

نیگام لە پەیژەی مردنم ئەڕوانێ،
خەندەیەك و ڕژانی شەرمێك بەرەو خوار
وەك ئەوەی خورپەیەك ڕاییژەنێ،
بومەلەرزەیەك دیمەنەكە بلەرزێنێ،
ئەسپێك بە تاو بیباتەوە بۆ ماڵەكەی،
دنیا یەك پارچە تاریك بێ،
تاریك تاریك!
ئەو چاوم لەسەر هەڵئەگرێت..
من و نیگام
قەت دوو بە دوو لە كافییەك دانەنیشتووین!
نە پێكەوە بیر ئەكەینەوە،
نە ئەتوانین باسی هیچ ڕابردوویەك بكەین..
نە دیارییەك بگۆڕینەوە.
نیگام لە فڕین ئەگات و
بە بەرائەتی سوتنیش سەرسامەو
بەردەوام خۆی نەبان ئەكا..
نیگام ئەچێتە سەر دیوار،
سەر گیاكەڵەو

سەر تاوێری بەردی گەورەو
من نابینێ.
زۆرجار ویستوومە بەردێ بم
هێواش هێواش پاکانەی بۆ بنوسمەوە.
گەمژانە باسی سیاسەت و
چیرۆکی بێ پێزی فەلسەفەو
دارشەقەکەمی بۆ ئەکەم:
دارشەقەکەم مێردمناڵێکی وریا
لە دارتوو بۆی هەڵکەندم و
مۆری مێژووی گەنجێتیی لێدا..
ئەو دارشەقە
هەرچەند نیگام ئەڵێ
قەت چاوم ناچێتە سەری،
بەڵام من ئەزانم نیگام حەز ئەکا
گوڵاڵەی بۆ بچنێتەوەو
لە ڕۆژی سوتانیا بۆی هەڵبدا.
منی بە بەردبوو؛
زۆر جار ئەمەوێ
پایزێك بنوسمەوە پڕ بێ لە بێدەربەستی نیگام،
پڕ بێ لە بۆنی هاتنی بۆ ژوورەکەم،
لە دەنگی پێی
کە لە خوێنی جەستەم ڕەوانترە بە زەینی من،

پڕ بێ لە بریسك و باسكی
ئەو ڕۆژەی ئاو لەپی گرت و
لەسەر لێوم
یادگارییەکی مەستانەی بۆ ئەکێشام،
پڕ پڕ بێ لە خورپەی دڵم
ئەو کاتانەی نەمئەزانی چۆن وا بکەم
جارێکی تر
بگەڕێتەوە ژوورەکەم.
من ئەمەوێ ئافاتی پێکهاتنێ بنوسمەوە
کە درێژە بە خەون ئەدا
کەچی هەر لە یەکەم وشەوە
ئەگەڕێمەوە بەر تاوی نەبانیی ئەو
ئەگەڕێمەوە بەر ڕێژنەی
غەریبیی خۆم!
من و نیگام
چەند نزیکین، ئەوەندەش دوور
من و نیگام
هەر خۆمان بووینەتە سنور

# نەخشەی پێکەنین

بە نیگایەکی لەرزۆکەوە ون ئەبی و
پێکەنینت نەخشە لەسەر سێبەری ڕێگەم ئەکێشی،
لە ناو دلۆپێك بارانا ئەتبینمەوە
کز ئەنوێنی
لە شەوێکدا کە من سەرقاڵی خوێندنەوەی دوا بینینم،
لە ڕۆژێکدا
نازانم ڕێگەی گەیشتن بە تۆ، بە چی بپێوم و
وا ئەزانم ئەمرم و کۆتایی نایەت.
تۆ لە پشتی دڵتەوە ئەگەیتە خۆری ڕوانینم،
من بەسەر شەپۆلی مەرگ و موجازەفەوە سەیرت ئەکەم،
تۆ تینوتر لە حەزی من، سڵکەرتر لە برژانگی مانگ
من ماندووتر لە تینوێتی خۆرنشینت
وێرانتر لە دڵە کوتێی باخێك
کە تازە هەرەشەی ڕەشەبای بیستبێ.
پێکەنینت نەخشە لەسەر سێبەری بینینم هەڵئەکۆڵێ
تاوناتاوێ
بۆ پشوویەك سەر ئەکا بە ماڵی دڵما،
قریوەیەکی ئارامیی و

ئیتر مردن ئەکەوێتە چاوبڕکێ لەگەڵ بێ سەبرییم.
پێکەنینت نەخشە لەسەر سێبەری هەڵاتنم بنکۆڵ ئەکا،
نە ڕوبارە بمدا بەدەم بەردی زلی هەناویەوە،
نە فرمێسکە
وەك بەرچاوم بمشواتەوە.
نە هەنگاوی تیشکە بگاتە زوهدی من.
نە تاریکە وەك بەرچاوم
ئەم ڕێگەیەم لێ ون بکا،
نە مورادە بمپێچێتەوە بۆ شەوی میهرەبانیی،
نە هەڵمەتی سێڵاوێکی تورەیە،
بمباتەوە بەر دەرکی پەشیمانیی.
پێکەنینت نەخشە لەسەر سێبەری زەینم ئەکێشێ..
لە خیزەی سنگم کاتێ
خۆم بۆ بینینت مەڵاس ئەدەم،
ساوایەك لەولاوە بە ئاگا دێ،
بۆ یەکەمین جار ڕستەیەك کۆ ئەکاتەوەو
ئامۆژگارییەکم لە ژێر پشتییەکەیدا بۆ دائەنێ.
ئەم پێکەنینە ئەبەمەوە سەر وچانی
میهرەبانیی خودایەك
کە ئەیەوێ داهێنانێکی نوێ بخاتەوە.
ئاخر تۆ نەبی بە چیا ،
زەینی کولم، بزانێ

پێکەنینیش لە سێکس ئەچێ؟
ئاخر تۆ نەبی کەی ئەوەندە کاتم هەیە
دڕك و داڵی
ئەو هەموو تەمەنەم لە زەینا بچنمەوە؟
پێکەنینت نەخشە لەسەر سێبەری پیرییم ڕەنگ ئەکات و
دەستم لە گەیشتن پێ ئەشوا!
تەنها سەرنجێك و لە بزەوە بۆ قریوەت
لە شەرمەوە بۆ ترس لە داوێنی پاکی ژنێتیت،
لە دەست بە قژا هێنان و کرۆشتنی لێوەکانت،
بۆ چاوگێڕان لە دیوی دووەمی کەسێك،
لە گواستنەوەی بایەخت بۆسەر منداڵان.
لە هەستان و پێ بەیەکا تێکەڵ بوونی گەڕانەوەت
لە دەرخستنی ژنێتی و
ڕێکخستنەوەی شپرزەیی مەمکەکان و
تۆخ کردنەوەی لێوەکان و
بەردانەوەو کۆکردنەوەی قژی کورتتر لە سەبری من،
بۆ ئاوڕێکی دەرەوەو
پرسیارێکی غەریبە،
دەرگا شکاندنی باسێك
کە نازانی جێ تیا بلێیت و چۆن ڕووگیری گەڕانەوەی نەبیتەوە!
لە دڵنیا نەبوونتەوە
بۆ ئەو هەموو دزە نیگایەم

کە عەرشی جەستەت بە ڕووتیی تەی ئەکا،
تا بێزاریت لە میوانداری کردنت،
پیریم بێ ئەوەی هیچ بڵێ
هەر هەمووی کۆ ئەکاتەوە،
پێش ئەوەی بە دڵشکاویی بڕواتەوە.
پێکەنینت نەخشە لەسەر سێبەری مەرگی من فڕێ ئەدا،
ئەمەوێ خەندەیەکیشت جێ نەهێڵم،
من ئەمرم و
دیوارەکان، تۆزی نیشتووی لێوارەکان ،
جێ دەستی سەر پەنجەرەکان،
هەوای پاك و بۆنی غازو شاشەی تیڤی
مۆبایل و حەسانەوەی جلەکانیش لەسەر جەستەت،
ژاوەژاوی منداڵان و تیشکی تیژو
ئاژۆینی ماشێنەکەت
هەموو قریوەت ئەبیسن،
بە تۆشەوە، هیچیان نازانن ئەفسانە
لەوێوە سەر هەڵئەداتەوە،
لە تریفەی ڕژاوی پێکەنینتەوە،
جارێکی تر خوا ژن دائەڕێژێتەوە،
کەس ئەمە نازانێ هیچ کەس،
تەنها پیرییم
ئەو فەزایەی دەرخستووەو

ڕەنگە هەر خۆشی بزانێ
چۆن پێکەنین هەموو عەشقە.

هەر لە خۆمدا
حەکایەتێکی تازەتر ئەگرم و
بە ڕنینەوەی حەرامێك جۆش ئەمگرێ و
ناگەمەوە بە تەنیاییم.
هەر لە خۆمدا
لە بزەیەکت دەئاڵێم
لەگەڵ نورێکدا هەڵئەکەم کە هی تۆیە
لەگەڵ دەنگێکدا
پیاسەیەك بۆ مناڵیم ئەبینمەوە
کە هەر خۆت ڕەنگی ئەڕێژی!
هەر لە خۆمدا
بە شێنەیی ئەکشێمەوە
بۆ ناو پەڵەیەك ڕوناکیی
کە ئەیەوێ بە بەژنی تۆدا هەڵگەڕێ.
بە خێرایی ئەگەمەوە بەر پەیکەرێك
لە بێدەنگیی،
بەر پەیکەرێك لە سەهۆڵبەندانی عومرو
بەر پەیکەری ڕەقبوونەوەی سێبەرەکەت.
بەر پەیکەری خواوەندێك، هەر خۆم ئەزانم

لە کام گۆشەی یاخی بوونەوە
ئەکرێت بیپەرستم.
هەر لە خۆمدا
لە میوانداریی شەوێکت ساردو سڕم،
لە پەنجە گوشینت گەرمم ،
وەك خەیاڵێك خاڵیی خاڵیی لە ڕیایی
دەستت ئەگرم بۆ خۆشویستن،
هەر لە خۆمدا
ئەزانم چەند بیرت لەلای
نینۆکی فڕێدراوی ساڵی پارتە،
ئەوەندەش لای جوانپەرستیی
دنیای شیعرێك
کە خۆتی تیا ناناسیەوە.

# ئەنگۆرەی کزر

له پشت ڕەنگی پێستی تۆوە خۆم حەشار ئەدەم،
تا تێکەڵ بە بێدەنگیت ببم.
نازێك له لێو و چپەدووت ئەپێچمەوە
بۆ سەنگەری تێکشکاوم،
من گەر جەنگاوەریش نەبم؛
ئەزانم چۆن بگەڕێمەوە بەر باخییێك
دێڕێکیتر لە نەمریی هەڵبمژم!..
هەرکات ویستت..
بمخەرە ناو دڵی ئاگرەوە
دەستنوێژێك بە بەرائەتم هەڵگرە،
له دوورەوە..
شانازییەك بکە بە یەخەی جوانیتا
سەیری مانگ بکە چۆن ئەستێرەکان
بە دەوریا هەڵئەوەرن.
بمدەرە دەست دەریایەکی نائارام و نەناسراو
له هاژەدا بۆم بگەڕێ.
من بۆ تارمایی نیازێك

دڵی خۆمم کردووەتەوە،
ئەوی بووەتە چەقی خەیاڵ،
ئەو چەند ساڵەی لەسەر لێوم وشك هەڵگەڕان،
دانە دانە..
ئەیانخەمەوە بەر نەغمەی چرِە ئازاری فامیدە.
تۆ مەهێڵە پوش و پەڵاشێك
لەم خۆشویستن و جوانناسییەم
لە کەزییەکانت بئاڵێ؛
تۆ نەهێڵی تاڵە موییەکی سمێڵی زبرو
کورتەرِیشی لە سپێتیی هەڵکشاوم
بە تولەرِێیەکدا بێن و
بگەنەوە بە ئەنگۆرەی یەکناسینی:
پێدەشت و چیا،
گەردانەو مل،
ئارەقەو بن باڵ،
لێو و پیاسەیەکی بە زەحمەتی ناوی مندا!..
تۆ بمنێرە بۆ وڵاتێك
لە ورِێنەکانم بخات و
زمانی چاوەکانیشت نەگاتە من،
خوێنبەربوونی هاوسەنگییم لێ دابماڵێ..
چرۆیەکم لە گلێنەدا شین نەبێ؛
من ئەو دەمە..

**کەڵەگەنتر لە ڕێژنەی بەزمی نازی تۆ**

**باڵ ئەگرم و**

**ئەبمەوە بە دەرگاوانی ئەو خەمەی**

**ڕۆژانە لێم سەررێژ ئەکا،**

**شەوانە بەر ئەبێتە زەین و خەیاڵم**

**وەك بیەوێ تەراشیکا.**

**چوون شەهرەزادێك شك ئەبەم؛**

**هێندە خوێنی قوربانییەکانی بینیوە..**

**ئێستا ئەزانێ ئافاتێك لە بزەیدا بەرپا بکاو**

**لە خوێنیشیا..**

**جەللادێك هەستێتە سەر پێ!.**

---

ئەنگۆرە/ ئێوارەی درەنگ وەخت

# گوێزی پووچ

گەنجێتیم پڕ بوو لە سەرکێشیی ئەزەلیی.
پڕ بوو لە بەرۆك ڕاتەکاندنی مەرگ و
دەست و پل قلّیشانی بەر خۆرەتاو
پڕ پریش بوو
لە خاکیی بوون و ساکارییم.
باوەڕێکی پەپکە خواردوو
بەدیارمەوە بێ باکانە؛
بەسەر هێلکەی کۆمەڵێك عەزیاوە ئەژیا،
پڕی کردبووم لەو ختوکە کوێرانەیەی
ئێستا هەڵی ئەهێنمەوە.
باوەڕێك شەرمی لە گەورەبوونم نەئەکرد
بە بەرچاوی خۆمەوە منالّیی لێ ئەدزیم.
باوەڕێك؛
لە ئاگر مەستانەتر تێم ئالاّبوو،
بۆ ئەوەی بمکا بە ژمارەیەکی تازەی پێوانەیی
لە نامورادیی شەهیدەکانیا.
نازانم چۆن ئەو گەنجێتییە
بدەم بەدەم بای شەنێکی ماندووەوە.

ئاخر من ئێستا ئەزانم
پەڕی گوڵە نەگرتووەکانم
ئەو وەهمە هەڵیوەراند
کە پێی ئەوترا شۆڕش.
ئەو خاکە شینی نەکرد
کە وەهمێکی شیرپەنجەیی و
ئەژدیهای بخۆری من بوو.
ئاخر من ئێستە ئەزانم
هەرچیمان چاند؛
بەرهەمەکەی بە تەنها دارێکی زڕو
چەند گوێزێکی پووچی وشك و
میوەی کرمێی داڕزاو بوون.

# هەنگاوێك بكێشەماڵم

شەوگەڕێكی نائومێدو
دۆستێكی غەمگین غەمگینم.
بەسەر تیرۆژی تریفەو
بەسەر باڵی ئاوریشمینی عیبادەتمەوە؛
نزایەكم بۆ بنێرە، فێرم بكا،
چۆن لە نوری خواوەندت جیا بكەمەوە؟
چۆن وابكەم لە پەسارێكی ئازارما
چرایەكی ترم بیت و
نیشتیمانی گۆڕەوشاردراوم
بكەیتەوە بە چراخان.
گەر لەماناشدا لێك نەچین،
گەر برژانگێكیشت مەستی نیگام نەبێ،
تەنها هەنگاوێك بكێشە ماڵی دلم،
تا ڕەونەقی ئاسوودەییم ئەبەد بژی.

# خاکی نائومێدیی

لە نائومێدیم خاڵیی مەبەوە؛
پێکگەیشتن لە خاکە تەفرەدراوەکانا
وەك دوورینەوەی سنگی لەتکراوی شەو وایە
بە تاڵە دەزووی گزنگ.
لە تێڕامانم بێزار مەبە، بێدەسەڵاتییە!
ئاخر کەنگێ لە کۆمەڵگەیەکی جێماودا
مروەتی ئەوەم تیایە وەك ژن بتبینم و
لە فیکری خوار ناوك پەرستیی ڕزگارتکەم.
من لە کۆمەڵێ مقاش و
وردە زیخ و
هەناوێکی ڕەش و
زەینی کوێرو
لێکدانەوەی هەنجن هەنجن کراو و
نیگای عەبەسیانەو
لە کۆمەڵێ تەوری بێڕەحم و
ڕیحمی هەڵگەڕاوەو
هەڵگەڕانەوەی نەخۆش پێکهاتووم؛
لەو وڵاتەدا

کە سیناتۆرەکانی وەك نەفرەت بێزراون و
وەك خۆڵەمێش ساردو سڕو
وەك بەردی لاپاڵ خۆیان ئەخۆنەوە.
لە سەرنجم هەڵمەیە
ئیتر من ئاوا ژیان لە قاوغە شقارتەیەکدا ئەخوسێنم و
پایز لە گوڵدانێکی شوشەدا
وەك مۆدێلچییەك، کوێرانە مۆمیای ئەکەم.
لەم وڵاتی ئەی ڕەقیب و ئازادو نەوزادەدا؛
من وا لە دەستی ڕەقیبان، لە پێستی خۆم خۆم ئەترازێم و
ئەمەوێ ڕەنگی چاوی تۆ بگرم،
کەللەم لە نێوانی سنگتا بشارمەوەو
بیرکردنەوەم لە نێوانی
لێو و ڕەنگی سوراوەکەتدا بزرکەم.
چۆن بتوانم، لە دەمامکی
پۆلیسە مەستەکانی خاك
چیرۆکێکی سریالیی بگەشێنمەوە؛
تا لەو هەموو شەیداییەم بۆ ماچێکی ئەفسانەیی
پێکەنینێك بخولقێنێ؛
پێکەنینێك
تۆی لەیلی من، بە میزاجەوە بیناسیتەوەو
لە پاڵ وێنەیەکی خۆتدا
لەسەر سنگت بۆ ئەبەد ڕۆی بکەی.

# شوشەترین سەرنج

لە پڕ سەرنجێکم ئاودامان داگەڕا
لەسەر سیلەی کۆڵانی گوڵێك؛
لەبەر ڕێژنەی هەراسانی نیگایەك؛
لەبەردەم حوسنی ماندوێتییەك؛
بردمیەوە سەر خەندەی تینو: بۆ ڕۆژباش و
نیوەڕۆ باش و شەوباشێکی پڕ دڵەکوتێ،
مەست بە جادووی گەنجێتیی بێباك،
خەیاڵاوی، وەك گزنگی کچێکی باریکەلەی هەرزەکار
وەختێ لە بری تەنیایی
سەرنجەکانم هەموو ئەدزێت و
لە بری خۆشویستن
گەمەم پڕ ئەکا لە بەزمی پێکەنین و
لە بری ماچێك
لە درزی نێوان پەنجەکانیەوە
سڵاوێکم وەرئەگرێتەوە.
هەموو ڕۆژێك بە گوڵدانێ سەرنجەوە
بە ڕستێك گفتوگۆی ئامادە کراوەوە
بە ئاسمانێك خۆ ئامادەکردنەوە.

ئەگەمە بەر نیگای لە جادوو هەڵکێشراو و
لێوی بلورین و
خەیاڵی ماچێکی خودایی و
شەوانەش
بە دەستی بەتاڵەوە
ئەگەڕێمەوە سەر پێخەفی
وردە سەرنجی شکاو و
چەند وێنەیەکی لە بیردا جێماو و
چەند چرپەیەکی لە بیر نەکراو
کە بۆ ئەبەد جێم ناهێڵێت.

# بێدەنگییەك شك ئەبەم، ئافانە

چەند شانازیی بە هەناسە تۆراوەكانی منەوە ئەكەی؛
بە بارتەقای ئازارەكانیشم
وچان بگرە بۆ كردنەوەی دەمی پریاسكەیەك
كە پڕ پڕە
لە چیرۆكە سەیرەكانی:
سەركەوتن و گلۆر بوونەوە،
ڕتوش كردنی برین و لە هەساندانەوەی ماچە خێراكان.
پڕە لە جوانییە تێكشكێنراوەكانی ڕوح و
بریسكە پرتەقاڵییەكانی وەرزی نەوتن.
تۆ لە خەمی مندای
منێك بە وەنەوشەی سەر سنگت و
بە بەیبونی گۆی مەمكەكانت و
بە گوڵەباخی لێوت،
ئیتر بیری بێدەنگییم گۆشتەوزوون ئەبێ و
كپیی گوێم كزر ئەبێتەوە.
سڵاو ئەی پرشنگی تازە لاولاو
بێدەنگیی سەراپای شیرین كردووم و

نەزانین بە لێزمە بە سەرما دائەکا.

گەر تۆم نەبی

ئێرە سیخناخە لە مردن و

لە جەهل و

لە خۆکوشتن و

لە زەلیلیی.

# بۆ پەنجەرەیەك ئەگەڕێم.. لە نزیکنەوە

دەستم ناچێتە تەکاندنی یادەوەریم؛
تا لەو هەموو دوورییەی تۆ،
تا لەو هەموو بێدەنگیە نابینایە،
تا لەو هەموو ئالوودەبوونی مەراقی
خەمساردییەت،
گوڵێك چەکەرە بکات و
بە مەرگی من بیناسیتەوە.
دەستم ناچێتە کوشتنی
ناڵینێکی حەپەساوی لە خەم ڕەخساو؛
ئاخر ئەترسم برینتم لە ئەزەلەوە گرتبێ و
تۆش قەسدی سەری منت بێ.
دەستم ناچێتە ئەو ماچەی
لە پێش لەدایك بوونمەوە خەونەو
هەتا ئێستا..
سەر سیلەی کۆڵانەکانی لێوی پیرییم ئەگەڕێت و
هەڵئەقرچێت.
تۆش لە گەنجێتیی خۆتا
چاو و ڕاوی لێ ئەکەیت و
ڕێ بزرو ڕێ شێواو و تەفرەی ئەدەیت.

# فانتازیای نەوتن

ئەو پاسارییانەی تەمەنیان بەسەر برد
هیچی ڕاستەوخۆیان نەوت.
شەونمە بەسەرچووەکان
نە گلەییەکیان جێ هێشت و
نە عاشق بوونی خۆیان نوسییەوە.
چنارە کەڵەگەتەکان پێش لەتوپەت بوونیان
هەموو خورپەو دڵەکوتێکانی خۆیان لە خۆر ئەشاردەوە،
نە بزەیەکیان گرتە سێبەرو
نە تیلە چاوێکیشیان لەگەڵ " هیچ" نەگۆڕییەوە.
کە منییش ئەبینی هیچ ناڵێم؛
دڵنیابە تۆڕی دەریایەك وشەی ڕوون
لە زمان و بیرکردنەوەم وا ئاڵاوە
وتنم هەر بیرچووەتەوە،
ئەوەی ئەزانم جوانییەك بە ناوی فانتازیاوە
لە سەرنجما
لە نەوتن و نیگاما
لە بوونما حەشاردراوە.

# چۆڵ و هۆڵە چواردەورم

هیوایەکم لە پێ کەوت و
بە چنگەکڕێ ئەیەوێ بگاتەوە بە سەبوریم.
سەبوریم هەنگاوی شل و
کرمە ڕێزە یادەورەریی دووری ئەو.
چەند بێ نیگا مامەوە خودایە!
چەند دوورکەوتمەوە لە تاڤگەی پێکەنین و
لە ڕشتەی نازی جیلوەی ئەو.
چەند بێ نیگا مامەوە خودایە!
تەنهاو تەنها: وەك دڵی غەمباری تاشە بەردێك
بێ بڕست وەك لەتردان و لارەلارەی هەنگاوی سست؛
تەنیا وەکو سێپایەکی فەرامۆشکراو
مردووترینم وەك مردنی چاوەڕوانی و
نائارامترینم
هەروەکو خۆم.

# کن پیرە شەوبایێ

له ترس و بیمی ژیان هەڵدێم
بەرەو کەنارە شینەکانی مردن.
لەویٚ لەگەڵ کانیاوە بە تەمەنەکانی مەستبوون
لەگەڵ ئازارە پیرەکانی ئێرە
لەگەڵ مەخلوقە دووڕووەکان،
جارێکی تر..
له بلّقیێك ئاوی بیٚ مانای ژیان ئەڕوانینەوە،
هەندێك قسەوباسی شەرمن ئەبوێرین.
دەستێك بە قژی نەناسراو ڕەنگی ئەو کیژۆڵانەدا ئەهێنین
کە لە ژیاندا زۆر دواکەوتن
لە کوشتنی غرور.

# لە چپە ساردەکانەوە، بەرەو وشکەن

لە چی بگەم..؟
کە ئازارێك نەمابێ، قۆڵی بە قۆڵما نەکردبێ..
داخێك نەمابێ..
خۆی لە ڕێزەی گریانم هەڵنەسوێ،
پەنجەی لە چۆڕەبڕبوونی سۆزم وەرنەدابێ؟!
لە چی بگەم..؟
کە هیچ کاتێکم لە هیچ چاوەڕوانییەکدا
دەسبەتاڵ نەگەڕابێتەوە؟
هیچ ماندوێتییەکم پەیژەی ڕوحم جێ نەهێڵێ و
هیچ زیندانێکم نەبیستبێ، لە ئارامیم دڵتەنگتر.

# با وێنەیەك بگرین، بەس قژمان دەربچێ

ئەگەر دڵمان دەربچێ،
لە وێنەیەکی ئەفسانەییدا؛
بێگەردیی دڵی ئێمە ئەبێتە خوانێکی سەیر بۆ ئەژدیهاکان،
ترپەی ئەبێتە زایەڵەیەکی گەورەو کپ نابێتەوە،
سادەییەکەی جوانییەکان لە سروشت ئەبڕێ،
خولیاکەی ئەبێ لە مانگ بشارینەوە.
ئەگەر چاومان دەربچێ؛
ئەو هەموو تامەزرۆیە ڕووبارەکان بۆ ناخمان لرف پێ ئەدا.
گەر سەرنجمان دەربچێ؛
ئەبینە داستانێك بۆ ئەبەدیی.
چاکترە هەر قژمان دەربخەین؛
بێ هیچ ئاماژەیەك
ڕوانینمان لەناو دەستماندا بە ئارامیی ئەهێڵێتەوەو
لەناو وشەو ماناداا ئەمێنینەوە.

# سەرفی نەزەر

بەو هەنگاوە وردانەتا دیارە
شمشێر لەسەر پەیمانێك تیغی کردووەو
هەناسەیەکت لە گەڕانەوەیدا
ڕێی چووەتەوە سەر بۆسەیەك.
بەو خەندە پانەتدا دیارە
نەزرت کردووە یەکجاریی
چاوێك لە خۆت حەرامکەیت و
نەهێڵی بتبینێتەوە..
ئەهدت کردووە شادییەك
بە قوماتەوە بنێژی؛
کە نەتوانێ پێکەنینت لەگەڵ بەشکا.
سەرفی نەزەرکە خانزادەی نازەنینم؛
ڕەنگە دڵێك کەفی دەریا بکاتەوە بە وشکانیی،
ئاسمان بکاتەوە ساماڵ
بتکاتەوە مەلی خەیاڵ،
تۆ پڕکاتەوە لە جوانیی.

# نیگایەك سەرچڵ سەرچڵ، وەك بوكێنیی

ئەكرێ، تۆ هەر لە شوێنی خۆتەوە
بێدەنگ و بێ سەنگ..
منێك لە دڵتا هەڵگری؛
كە نە لە سێبەری ئاو بچێت و
نە لە دوكەڵدا
بە پەنجەیەك
نیشانەی دڵێك بكێشێ!..
ئەكرێ، تۆ لە بینینتا..
قەت فلوتێك، نۆتەیەكی پاڕانەوەم لە سەمای تۆ
نەژەنێت و
بە مسقاڵە زەڕڕەیەكیش
ئەم هەموو چاوەڕوانییەی من
"با"یەك نەیدابێ بە ڕووتا.
بەڵام ئازیز خۆ ناكرێ؛
ختورەی لەیەك گیربوونی
نیگامان بۆ تەنها ساتێ
هەراوزەنای تەمەنێكی چاولەدوویی
منت بیرنەهێنێتەوە،
خۆ ناكرێ دركەیەكی كلۆم دراوی كۆنین بێ و
تا هەتایە نەكرێتەوە

# گۆرانییەك لە دوانزەی شەودا

شەوانە لە دوانزەی شەودا
ئەچمەوە بەر ڕێژنەی چاوەڕوانیی و
بە دەستێك مۆمێكی بۆندار هەڵئەكەم؛
بەو دەستی تر، خاترجەم ئەبم لە هاتنی ئەو.
شەوانە لە دوانزەی شەودا؛
ئەكەومە بژاركردنی ئەو گوڵانەی
بۆ بەرپێیەك ڕایئەخەم؛
كە مەگەر لە خەونە ئەفسانەییەكاندا بیبینمەوە،
شەوانە لە دوانزەی شەودا؛
نائومێدیم پڕ ئەبێتەوە لە گۆرانییەك؛
كە تەنها خۆمی پێ ئەلاوێنمەوەو
وەك تەلیسمی ماچێك
لە دڵما هەڵیئەگرم.
لە پڕ هیچ دیار نامێنێ و
بە دڵی شكاوەوە بەدیار ماچێكی وشكەڵاتووەوە
بە بێدەنگیی بیری ئەكەم.

# جەسنەیەك بە ڕەنگی ماندوێتیی

لە ماندوێتیتدا
ڕەنگی پێستت، وەك ئەو ئاوریشمەی لێ ئەهات؛
کە پڕ ئەفسانەیی نیگات
ئەڕژایە سەر وەردی چاوەڕوانیم.
دەستەکانت لە چپەودوودا بوون،
لێوت لە ورتەی ئازار تەکاندن،
چاوت یەك پارچە لەزەت و
سنگت لە دڵی منا ئەلەرزی.
لە ڕەنگی برسێتیمدا بۆ ماچێکی ژێر چەنەت؛
پڕ ئەبووم لە دەسپێکی رستەیەك
کە تا ئێستاش هەر نەمزانی بینوسمەوە.
لە ڕەنگی مەراقیشدا بۆ هاتنت؛
ئەستێرەکان گەواهیی ڕەنگی ماندوێتیم ئەدەن،
باوەشێکم لە بۆنی خۆت هەڵبکێشە،
لەرەی ماچێك بۆ یادگاری بنوسەوە..
ئیتر ڕەنگەکان دائەکەن و
جریوە لە مێرگەکان ئەبڕن.

# جەستەت بپشکنە سەرنجەکانم ئەبینیتەوە

بە کاڵ و کرچیی سۆراختا
ئێوارەیەك شۆڕ بووەتەوە؛
نە میوزیکێ شلك ئەبا، بۆ ئارامیی
نە کاتێ کە وەڕس ئەبیت
دوو دێڕ شیعر بە هانایەوە ئەچن.
لە چنینی بەجێماوی دەم و لێوتا؛
من ئەفسانەیەك ئەبینم، کە تا ئێستاش
چکلێتی ماچێکی ئۆخەی هەڵنەپچڕیبێ،
هەتا ئێستاش..
بەکامەوە نەیڕوانیبێتە چپەیەك
ساتێ بیهێنێتە لەرە.
لە پێڵوت بپرسە چەندجار
لەبەر نیگاکانما نیشتوون؟
لە جەستەت بپرسە کوێی ماوە سەرنجمی بەرنەکەوتبێ؟
لە کاڵ و کرچیی سۆراختا
من ئێوارەیەك ئەبینم
دوای چەندین ساڵ، ئەگەڕێتەوە بۆ یەکەم هەواڵپرسین
بۆ یەکەمین سەرنجدان و
بۆ یەکەمین ڕۆژەکانی یەکترناسین.

# ئەفسانەیەك لە قەدی درەختنا رِواوە

بەسەری پرِ گریَ و
بە دەنگی لەرزۆك و دوو چاوی تیژەوە،
من لە پێستی نائومێدیدا هەڵئەلەرزیم.
بە جریوەیەکی شەماڵ و
بە ملپێچی ئەفسانەیەکەوە
ئەو ئەهاتە بەر ئاوێنەی تەمەنی لیَ هەڵرِژاوم.
من لە چاوەرِوانیی خۆرِاگرتنی بەردا بووم
ئەو لەپاڵ لقی درەختی
ئومێدێکی گەشتر لە سبەی وەستا بوو.
لە ژێر سێبەری گۆرانیی بەرِوویەکی کەڵەگەتدا
فریشتەیەك
لە کۆڵانی بەرتەسکی تێرِامانمەوە دزەی کرد.
ئێستا شەقامێك نەماوە
بەستەی ئەوی تیا نەرِژابیَ،
کەلەبەرێك لە ئاسمانی ساتێکی خەیاڵ شك نابەم
نە بۆ ئێستا نە رِابردوو.
شکۆفەیەك وەکو دیاری ئەفسانەیەك دایکردووە،
لە بری هەزاران گوڵی جەستەی ساردی
ئازارێکی سەرهەڵگرتوو.

# لە ڕێزەی نوسینەوەتدا، شەوێك وەرچەرخان

پاكیزەبە و
لە لێواری خەرەندێكا ماچێك بگێڕەوە!
لەسەر ترۆپكی ماچێك؛
لە عومری پیرەشاخ ڕامەمێنە
لەو بریسكەیە بڕوانە،
كە بەحەق لە سۆزی نورێك ئەچێ..؛
لە ژیاندا..
یەكجار بەسەرت ئەكاتەوەو
هەر یەكجاریش..
فرمێسكی ئارەزووت ئەسڕێ.
تۆ لە گوڵدانێكی بچكۆلەی ناوچاوما جێت ئەبێتەوە،
ئەی مەستییەكەی ناو دڵی من.
كەچی هەموو دیدگایەك و
هەموو ئەستێرەو ئاسمانم ئەپشكنی و
ئەوسا لەدوای زەردەخەنەی نازی تۆوە
لەودیو دەریایەك حەسرەتی نەوتراوی نیگاتەوە
گەر بتوانم
تیشكی لوتفێكی ئارامت بناسمەوە.

# لە شینبوونی نیگایەکدا، سەوز ئەبمەوە

پەنجەکانت لە سەر پیاڵەی ڕوحم دانێ؛
چ قەترانێکت لە خوڕەمی تایکیدا بۆ هێناوم،
لێوت بە ئاستەم بجوڵێنە
با لە حەزی گوێگرتنێکدا ئاوا بم،
بەقەدەر گەنجیم سرکم بکاتەوەو
بەقەدەر پیریم بڕژێمە ناو مەراقی ماچێکتەوە.
من شتێ شك نابەم بۆ سوکنایی
نزیکیت نەبێ،
چ شتێ شك نابەم بۆ سەوز بوونەوە،
دڵەخورپەیەك و
هەناسەیەکی نزیك و
چنگێ وشە نەبێ.
تێمەپەڕە..
وەك بێدارییم بمخەرەوە سەر ڕێی گەنجیم
وەك گەنجێتییم پڕم بکەرەوە لە دڵەڕاوکێ و
ماچی سرك،
نیگای شینبووی سەرکێشیت و
پڕ بە بەدەنم بموروژێنە.

# لە پەراوێزی خۆندا، نیگایەك

کە دەزووی کفنەکەمت کردەوە
بزانە چۆن بەدەم لرفە لرفی گوناهەوە
ئەو ڕستە وێنانەت دەرئەکەونەوە؛
کە بە تیلە چاوێك گرتمن و بۆ ئەبەد کاڵ نابنەوە.
کە ئینجانەی حەسرەتت پشکنیم؛
ببینە چۆن نیگایەك،
یەك نیگای سرك؛
یەك نیگای دوورتر لە پچڕانی کۆت و پێوەند؛
چ کارەساتێکی ئەزەلیی خولْقاندووەو
چۆن سەرمی لەبەردەم پێکانیدا لێهەڵۆەری.

# ناڵ ناڵ قژت هەراسانیم بگرێتەوە

تۆ هەرلەو شیعرە سرکەم ئەچی
لە دەرگاوە دەرناکەوی
لە خانە خانەی جەستەما تیا ئەڕوێیت و
لە هەموو مەودایەکی خەیاڵما
هەر نزیك و
هەر نهێنی مانەوەمیت.
تاڵ تاڵ قژت، هەراسانیی زامەکانمن
هەر تاڵێکی پڕیەتی لە وێنەی ئومێد
کە بەسەر سینەتا ئەڕژێن؛
هەر تاڵێکی پارسەنگی کاتێکی عومرە
کە ڕابردووی تاڵمەو ئەدرێن.
لەسەر سینەت جێ پەنجەیەك بۆ هەراسانیم جێ بێڵە
کە لەگەڵ تاڵێکی قژتا ڕۆژێك دایکرد
با پەنجەم بناسێتەوە،
بۆ ئەوەی تاڵ تاڵی قژت، هەراسانیم بگرێتەوە.

# تا وەکو من ببینەوە بە قەف و گوڵ

بەقەدەر تەمەنی گوڵە گەنمێکە ونیت.
بەقەدەر لاف لێدانی بەهارێك
بە بینینت گوێ قوڵاغم.
ئەم شارە چۆن ئەبێتە مەزرای فیشەك و
هەر چۆن ئاوەدانیی بگرێ
ختورەیەك بە هەناسەمدا ناهێنێ،
من چیم داوە لە فرمێسکی گەڵاکان و
لەرەو چاوداگرتنی شۆڕەبی؟!
من خەڵوەتگەم هەر چۆڵ و هۆڵە تۆ نەبی.
بگەڕێوە..
من خەریکە نیگام لێ ئەبێت بە سیلەی
سەفەرێکی دوورو درێژ
من خەریکە نیگام لێ ئەبێتە شیلەی
گەزۆیەکی پڕ ئازاری پڕاوپڕ چێژ.

# ئازارێ فریومەدە، کە نایناسیت

بە نیازم تاڵێکی قژی لێوەرگرم؛
درێژ درێك وەك جەسارەتی خۆشویستن و
ڕەش ڕەش
وەك لاوانەوەیەکی خێڵەکیانە
کە ئاوادامان لە تروسکەی مورادم هەڵکێشێ.
بە نیازم پێکەوە قاوەیەك بخۆینەوە؛
تاڵ تاڵ وەك ئازاری
ئەو پریاسکە بە گرێ کوێرەیەی دڵم
کە ساڵانێکە لە نەفرەتی خۆی هەڵکێشاوم.
نیگایەك ڕایکێشاآمە ژێر سێبەری خۆی
تا ئێستاش چمکێکی ترسە و
ئەویتری هەر لە خورافە ئەچێت و
نازیشی ڕابردووی حەزێك ئەچنێتەوە
کە نە خەوی قووڵ ئەیبات و
نە قەت بێدار ئەبێتەوە.

# نیگایەك.. ڕوحیش دەبات

——— موناجاتێك بە زمانی دڵ ———

**ماندووم و بێ حەوسەڵە..**
**ئەو هەموو سکێچەم پێ تەواو نەکرا..**
**لە قاچی چەپما مەرەکەبەکان وشك هەڵاتن**
**سکێچەکەم لێ شێوا**
**دەمارەکان بڕستیان لەبەربڕاو**
**دەستم لە تەواوکردنی هەڵگرت،**
**بە هەنگڵەشەلێ**
**گەیشتمە سەر قەنەفە چوارپێکە،**
**بەدەم لۆژەلۆژی خەیاڵێکەوە هاتمەوە ناو ژیان و**
**بە نیگایەك، لە بیرم چووەوە من خەریکی وێنەکێشانی خۆم بووم،**
**تا ئەو دەمەی نیگاکەم بە شێنەیی کاڵ ئەبێتەوەو**
**ئیتر ناتوانم بە وێنەکە ڕابگەمەوە.**
**ئای چەند بکوژی، ژیان؟!**

# ساڵە چۆڵەکانی بێهودەیی

لە دەنگدانەوەی خۆم ئەگەڕێم
لە کەناری ساڵەکانی بێدەنگییدا؛
لەسەر پڕوپۆی شەپۆلێکی دوور دوور لە خۆم؛
لە بینایی ئافاتێکدا
کە دەستم تێی ناچێ لێی هەڵبێم.
بە وردە یادەوەرییە شەرمنەکانما ئەچمەوە؛
کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەیتوانی
وردتر بڕژێتە شەقامەکانی تەنیاییمەوە،
سەرکێشانەتر زەینم واڵا بکاتەوەو
توندتر باوەش بە چارەنوسما بکات.
بێهودەیی ئەوەندە ئارامیی پێ بەخشیوم،
هەر لەگەڵ ئەگەمە نیگای تاڵە دەزووی خۆر،
بەری ڕوحم ئەکەوێتە سەر پشت و
پڕ ئەبن لە خولیا بەردی جەستەم.
ئیتر ئەو دێت و پرم ئەکاتەوە لە بۆشایی،
ئیتر بێهودەیی دێت و
خۆی ئەزانێت بە کوێ ئەگەم..!

# پێش ئەوەی بڕژێ بە گۆرانییەکدا

گەر لە کەناری خۆر گەڕایت؛
تاوێك لەسەر کانییەکی نسێ، لە پەلکی کوزەڵەیەك ئاڵێ
چاو لە وردە شەپۆلێك بکە،
کە وا ئەزانێ ئەو چاوگەی دڵدارییە و
بە تەنها خۆی ڕاوی پرشنگ ئەکا.
هەر کاتیش لە عەشق گەڕایت؛
ئەبەد ڕێت ناچێتەوە سەری،
چوون لە نیگاتا ڕواوە
نیگاش سەرچڵ و سەرکێشە
بە خۆت قەت نابینرێتەوە.
ئیتر لێرەوە ئەمگێڕیتەوە سەرڕەچەڵەکی خۆم؛
ڕەچەڵەکێك لە بەردو خاشاکی هەڵدێر،
لە تەنیاکەوتنی دیدەو
لە چاوگێڕانێکی شەوکوێر.
ئیتر دێیت و لە منی بەردا
هەر ئەو هەناسانە ئەچنیتەوە،
کە بە مردوویی ئەرژێنە بەرپێت.

# لەسەر بەردەبازی گەڕانەوەت، یادەوەریی:

تۆ لە سایەی بەردێك نەگەڕاوی، کە دڵی لە تیلە چاوێکتا ناشت و بۆ ئەبەد ڕەقی هەڵێنا.. دیوارەکان سەری چاوەڕوانییان خوارد، شەقامەکان بێکەس بێکەس ئەڕواننە ماشێن و دارتێلە سەرخۆشەکان.. ئەزانی چی؟ ئێستا دەنگی هیچ شتێك نییە پێی ئاشنا بم: نە چپەی سرك و نە خەندەی ڕژاو، نە لە دەرگادان و نە تێل کردن و نە هیچ دەنگی پێڵاوێك.. دەنگی غاز فرۆش و بەقاڵەکان وەڕسکەرن ئێستا، ئاشنایەتیم لەگەڵیاندا نەماوە.. چ چیرۆکێکی ئەفسانەییم بۆ داناڕێژریٚ، کە سەرەتا بە ماچێکی سەرەڕۆی سەر پەنجەکان دەستی پێکردبێ و لە گێژەڵۆکەدا چارەنوسی ون کردبێ.. من نازانم چۆن خۆشم ئەوێی ئەی کامەرانیی، تەنها ئەوەندە ئەزانم لێم نابیتەوە.

# چ خێرە لە دەرگایەکدا نیت، ئاشکرا؟!

بوویت بە خەون و بە سەراسیمەییم تەنگی
بوویت بە ئەستێرەو لە بانیژەیەکم ناسرەوی؟!
ڕەنگە بتەوێت
لەگەمەی شەیداییمدا خەندەیەك ببەیتەوە،
کە هەر لە بنەڕەتەوە دۆڕاندوومە.
ڕەنگە بتەوێت پەی بە مەستیم ببەیت و
پرشنگێك بخەیتە چەپکی هەتاوتەوە،
کە هەر لەبنەڕەتەوە من لە مەستیی نیگاتدا ئەژیم.
تۆ توحفەی ڕێی ئازارەکانی پیریمی
تۆ بەرچنەیەکی لە خەیاڵدان و لە ئەفسانەم
چەپکە نیگاکانم کۆکەرەوە
دواتر کە بینیتن، ئەزانی شەیدایی چەند گوزەری هەن؛
دواتر ئەزانی
خۆشەویستیی چەند بە دزییەوە هەڵئەکات و
چەند بە نەرمیی ئەڕژێتە ژیانتەوە.
ئێستا ڕامانێك لەسەر مردنم بنێژەو
بە تیلە چاوێکیش لە نەرمیی بەرد ڕابمێنە.

# تا لێرەین، لە ڕۆخانەیەکدا بسرەوین

لە پەنجەرە تەڵخەکانی ژوورەکەت گەڕێ،
کە جەستەی من و دارتوویەك وماڵەکانی بەرامبەرت
لەیەکتر جیا ناکاتەوە؛
من ئەوەتام سەر سیلەی کۆڵانێکی خەیاڵم لێگرتوویت..
بەردیدەت بەرنادەم و
ناشوێرم بگەمە سەر زمانت.
لە خەیاڵتا وێناکان جۆراوجۆرن،
نە ئامانیان هەیەو نەسنور،
نەئەتوانن تەمتومانێکم ڕۆشن بکەنەوەو
نە لە ڕۆخانەیەکیشدا
ساباتێکم لە دڵی ئاودا بۆ هەڵئەدەن.
کە ئاوت بینی لێی بپرسە..
چ زمانێك ماوە ڕازێکم پێ نەوتبێ؟!
چ خۆزگەیەکم ماوە بە نیگا نەمگەیاندبێ؟!
کام سکۆڵەیەی دڵ ماوە، لە تیشکم هەڵنەکێشابێ؟!
کام نەبانییەی خۆت ماوە
من یەخەم پێ نەگرتبێ؟!

×ڕۆخانە: ئەو ئاوەی لە کارێزەوە دێت ڕێچکەی بۆ دائەنرێت.

×وێنا: تصور.

×تەمتومان: تەمومژ.

× نەبانیی: خۆلێ لادان، خۆ هەڵەکردن، خۆ لەگێلییدان.

# ئیدی مەستیی بێت، یان وڕکی دیە

**لێت ناگەڕێم لە بۆشایی نێوانمان ورد بیتەوە؛**
**هەموو چڵە ڕازێکم لە خەندەتا موتوربە ئەکەم و**
**ئەمەوێ و**
**بە چرپەیەکیش پێت ئەڵێم بڕوانە بینینم**
**چەند ساکارانە پیاتا ئەڕژێ.**
**بڕوانە لەسەرخۆچوونی ڕێزەی ڕۆژباش و**
**ملوانکەی چنراوی هەنگاوت لە یادەوەریمدا؛**
**چۆن پێکەوە**
**گیانم ئەخەنە مەترسیی هەوڵێکەوە؛**
**کە بۆ ماچێك**
**هەزاران لێوی ترم بوێ لێت تێبگا.**
**هەزاران چاوی ترم بوێ بۆ یەك نیگا.**

# لە ناکامیشدا.. ئاودامان بزەیەك

شەماڵ لاتریسکەم لێ ئەگرێ،
خۆی ئەداتە پاڵ سێبەری ئەو تەلارە بەرزانەی
کە ڕۆژانە لەوێوە ئەچم و
ڕۆژانە بزەیەکم لەبەردەمی نیگایەکی بزردا
سەر دائەنەوێنێ.
بزەیەك پڕ لە یەئس و دڵشکان
پڕ پڕ لە خۆسەرقاڵکردن بە پێچانەوەی ئەو ساڵانەوە
کە خۆشەویستیی سەرەتاتکێی ئەکردو
منی هێشتەوە.
بزەیەك تەنها ساتی ڕاستگۆیی
ئەو بەختەوەرییە ساختەیەمە کە ئەینوێنم،
بزەیەکی نابەدڵ
کە ئاودامان مردنی لەسەر نیشتووەو
بێ عارانە ئەیجولێنم.
بزەیەك وەك دەرکەوتنی چاڵی سینەی
وەك قەڵبەزەی وردی گوێ چەم
وەك نیشاندانی میهری خوا
کورتخایەن و
وەك خورپەو هەراسانیی دڵ

**خێراو لەپڕ.**

**تۆ نازانی..**

**لە دوورەوە داڕشتنی هەنگاوەکانت چەند ڕەوان**

**ئەو کۆڵانە عاشقانە ئەبڕێت و**

**گلێننەشم بەدەم ڕەوتی شەرمنتەوە**

**چۆن لەبەرپێتا ئارامیی ورد ورد تلۆری پێ ئەدا؟**

**تۆ نازانی شیلەی چ عەشقێکی سەرشێت**

**ئەو کۆڵانە پڕ ئەکات لە ماچی سەرکوێر**

**کە ناتوانێ بۆ سەرکوڵێ**

**شتێ بڵێ.**

# دوو لایك بۆ مێژووی خەون

ئاگریدە..
ئەو پشتێنی زامانەی هێشتا نەمکردوونەتەوە،
ئەو چاویلکەی ئارەزووەی ناهێڵێ هیچ ببینم،
لە باڵای شکۆی خۆت زیاتر،
ئەو گرێیەی لە توێی زمانڕەوانیما
لێکدەئاڵێ و ئاسودەیی کلۆم ئەدا.
ئەو کوێرەوەرییانەی لە مێژوومدا ڕواون.. ئاگریدە!
مەراقەکانی خۆت نەبێ!..
ئاگری بە! ئەو دوورییەی؛ کە ئەتبینم و ئەمبینی..
شەلاڵی خەندەمان ئەکا،
کە ناتبینم، تۆ لە چاوەڕوانیی شیعرو
من لە فلاشباکی دیمەنتا، پڕ ئەکا لە ختورەی دڵ،
لە هەلوەسەو لە هستریاو لە کەئابە.
تۆش ئەزانی ئاگردانی مێژووی ڕوبار ئاسان نییە،
کە تا بکشێی، ئەو مەستانەتر غار ئەدا پێت ڕابگا.
مێژوویەك چۆن ئاگر ئەدرێ..
پڕبێ لە وێنەی نیگایەك؛
پڕ باوەشی تەرمی ماچی کوژراوم بێ.
پڕ بە سینەی..
تەرمی چپەدووی لەرزۆك و
تەرمی خولیای گۆڕەوشاردراوم بێ؟!

چۆن ئەكوژرێ مێژووویەكی پڕ لە نالێن؛
پڕ بێ لە وێنەی نیگایەك؛
بیەوێت بە ڕێژنەی ئۆقرە دامپۆشێ و
بێ ئۆقرەیی پەنجەكانی چۆڕەبڕكا،
ببێتە سارای تنۆكێ.
بیەوێت ڕستەیەك بلێ و
سەدان بەربەست لە سینەیدا هەڵبتۆقێ.
بیەوێت ماچێك لە ڕۆخی كڕنوشێكما بۆ یادگاریی
جێبهێڵێ و
سەدانجار لێوەلەرەی بێ.
ئەو ئەزانێ هەر لایكێكی لە ئەفسانەی خولقێنراوما؛
لە زەینی بەربەرەڵاما؛
ماچێكی توندی سەر لێوی كشاویەتی،
ئەو ئەزانێ..
بە دوو لایكی لەسەر یەكی دانەبڕێر،
چنینەوەی هەموو خەندەی ڕژاویەتی.
ئەو ئەزانێ..
ئەم مێژووە خاڵییە بێ عەشتەبایەی
چاوەڕوانیم،
زۆر تولانكێشەو ماویەتی.

كلۆم: قفڵكردن
فلاشباك: هاتنەوە بەرچاوی دیمەنەكانی ڕابردوو.
بێ عەشتەبا: بێ هیچ شتێك.
تولانكێش: درێژەكێشان.

# ئاریێ گوڵیێ! گوڵیێ جوانیێ سینگ سپییێ، مەمك فنجانیێ سێوە

نە بەو خۆرە ئەگەم قژی لە چارەنوسم ئاڵاوە
نە لەو شەرمە ئەگەم پێستی بەسەر وتنما کشاوە
من لەمێژە نیگام لە سێبەری سنگ و لە دەم و لێویا ڕواوە
هەر پێیەك من ئەچمە پێش و ئەو دە هەنگاو دێتە دواوە.

ــ بە یادی مامە سێوەی بەردەوام شیرین ــــــ

# پڕتەوی هەیە خۆری من

تۆ ئەزانی من بە چی خەیاڵدانم گەش ئەبێتەوە؛
خۆت لە شەکرۆکەی ئازارما
پەرچەمت لە ئاهی سەردو لە ناڵینما
تەڕ کردووە.
تۆ کە لە میهری خودایا باڵا ئەکەی
شەلاڵی نورو جوانیی بوویت؛
دڵشکاندنت لێ نایا،
تازە بەناو دەزوولەی دەمارما ڕۆچوویت!

# نازانم چیمدابوو لە ژیان..؟!

من گێچەڵ بە ژیان ئەکەم،
نازانم چیمداوە لێی؟!
ئەو ئەیتوانی بەرِێی خۆیدا برِوات و
من لە حەڤدەوە، یان لە هەژدەوە ئەمتوانی
لە کۆڵی ببوومایەتەوە.
لەسەر پێیەك ناتوانم بوەستم و بەردەوام لەتر ئەدەم؛
سوسەیەکم نەگەیشتووەتە مەبەست و
خۆم شیوەنێکی بۆ نەکەم.
نازانم من چیمداوە لە ژیان..؟!
گەر رِارِایی و دڵەرِاوکێ و نیگەرانییەکانم کۆکەمەوە؛
پرِ ئەبم لە دوودڵیی.
زمانم پرِ گرێ و ساتمەکردن
چاوم پرِ لە رِەشکەوپێشکەو
خەیاڵدانیشم شپرزەیی رِایئەژەنێ.
نازانم من چیمداوە لە ژیان..؟!
تا ساتێ خۆم لە ئەفسانەی نیگایەك هەڵئەقورتێنم
سەراسیمەییەکی مەستانە ئەکەم؛
هەزار خەرەندی لێژ لە پێم دەئاڵێت و
خۆم لە هەزاران مەزەنەی بەژاوەژاو

بیرۆکەی لە خەم هەڵکێشراو
هەڵئەکێشم.
من نازانم چیمدابوو لە ژیان
کە ئەو تروسکەی تیا نەبێ
بۆ لە کامی دڵ هەڵکشان.

---

سوسە: حدس.
ڕاڕایی: میزاجیەت.
دڵەڕاوکێ: قلق
نیگەرانیی: عاجز بوون.
ساتمەکردن: زلة اللسان.
ڕەشکەوپێشکە: هلوسة.
خەیاڵدان: مخیلة.
شپرزەیی: اضطراب
کام: حەز، ئارەزوو.
سەراسیمەیی: الفضولیة.

دەقی هایپەرتێکست:

××××××××××××××

# ژاوەژاو

لە خۆرنشینما سەوز بوویت؛
بە خەندەی کازیوەیەکت چرۆی هیچ نازنازێکم
دەمی نەکردەوە.
بە بێ پلارێك دڵت سارد سارد کردمەوە
وەك ژوورە تەنیاکەم.
ئێستا وەختیەتی بڵێم:
بەبای هەناسەی سەردت ئەسپێرم
ئاگـــــــری دڵمت لە دەور ئەگێرِم
لە بێکەسیما تۆم کــــــردەن وە کەس
نە وەکەسم بوویت، نە وەنیمە کەس
مەولەوی

# ئەفسانە گڕۆزەکانم

لە زوومێك ئەگەڕێم
لە نیگای خۆم ڕۆشنتر بێ،
تا لە ڕابردووم خۆش ببم و
دەست بکەمەوە بە عەشقبازیی لەگەڵ ئەو مەخلوقەی
لە وشە نەبیستراو و خەیاڵە سەرهەڵگرتووەکان
دروستیان ئەکەمەوە.
لەو دڵەڕاوکێیە ئەگەڕێم؛
کە جوانترە بە مردنم ئاسودە بێت و
سەرپۆشەکەی بخزێنێتە ناو گۆڕەکەمەوە.
چەندینجار بە مەحزونییەك تێکەوتووم؛
کە سەری لە ئاهەنگێ خوراوە نەمزانیبێ،
خۆم هەمیشە بە باڵای ئەفسانەیەکدا هەڵزناوم
کە جێ پێیەکی بۆ جێ نەهێشتووم بۆ گەیشتن.
بە عومرێك سەرمابردەڵەییەوە
لەوە نەگەیشتم،
تەنها خەیاڵم بزێوە
نەك تێهەڵچوونەوە لە خەیال.
لەوە نەگەیشتم
کە مرواریی ئەفسانە سەرەڕۆکانم
لەوێدا لێ هەڵڕژاوە
کە هەستێکی تیا نەماوە.

# لە سوچێکی گوناهما.. ڕواندنەوە

خولیام ئەدەمە پێش خۆم و
لە هەناسەیەکدا بزر ئەبم،
هەناسەیەك پڕ لە سکاڵای ماچ و
پڕ لە ژاوەژاوی تاسە..
تا لە گرێ کوێرەکانمەوە
ڕاوی ئەو ئەبەدییەتە بکەم،
کە شۆخێك سەرەداوێکی ئەداتە دەستم.
من ئەبم بەو ئەو بەمن؛
تا بزانین ژیان لە کوێوە دەست پێ ئەکات و
لە کوێدا ئەدرەوشێتەوەو
لە کوێدا پڕ ئەبێتەوە لە گەنجێتیی.

# بە تەمام..
# هەر بەو جلانە کفنم بکەیت

ئێوارەیەك.. من لە پەڕەیەکی ڕوباردا،
لە هەناوی ترێ ڕەشکەیەکدا
نازانم، ڕەنگە لەژێر چمکێکی عەزێکەتدا؛
بەدیار جگەرەیەکی شینەوە
لەسەر سنگت.. نیگا بپێچمەوە،
نیگا بڕوێنم لە دێڕێکی درزی سنگتا..
بۆ ئەوەی لە بریقەی ماچێکم هەڵکێشێ؛
کە ساڵانێکی دوورودرێژە لێم کەوتووە،
ساڵانێکی زۆرە کە پێم ناژمێررێ
نازانم چەندجار لە خەونمدا
لەسەر لێوت جێمهێشتووە.
ئێوارەیەك کە نازانم بە چی وێنەی لەبەر بگرمەوەو
بەچی وا بکەم قەت نەڕوا،
ئێوارانێك پڕ لە بۆنی بەژنی نیگا
پڕ لە چێژی گفتی هیوا.

# لە بیستنی چرپەندا ونم

لە ئاوێنەیەکی شکاویشدا خۆم نەبینییەوە؛
تا بزانم
چۆن وردوخاشت کردوم.
لە بزەیەکی جێماویشتا،
لە بۆیە نینۆکی هەڵوەرییویشتا،
لە سێبەری واق وڕماوی سەر دیوارێکیشدا؛
ئەوی ئەیبینمەوە لە خۆم ناچێ
تا بزانم عومری غەمگینیی دەستی تۆم درێژترە
یان ئەو هەموو گوێ پێدان و بایەخدان و
ئالوودەبوونەم بە تۆوە؟
من دابڕام لە وردبوونەوە لە خۆم و
لەویترو
لە یەئسی تۆیەکی ڕۆشتوو،
ڕۆشتوو هەر لەو دوا نیگایەی
مانای هیچی لێبەربۆوە،
ڕۆشتوو هەر لەو بینینی گازەرای پشتەی
کە تا ئێستاش لە هەڵکۆڵینی دیەی من نەبۆتەوە.
من نەك ڕەسمی بێباکیی تۆ ئەکێشمەوە،
من نەك هەر لەسەر هەڵەتی سەر سنگی تۆ

بەهەشتێك لە كامەرانیی ئەخوێنمەوە،
تەنانەت لە تاقەت چوونم لە بێ تۆیی
ئێستاش ڕۆژانە بە دەنگی پڕ موزیكی هەنگاوی تۆ
بۆ عیبادەت ڕا ئەبمەوە.

# لە نیگایەکی شەکەت ئەچیت

لە دڵێکی کەسیرە ئەچیت
بە دەمی گزنگێکەوە وشك هەڵاتبێ.
بەسەر لق و پۆپی منا سێبەر
لە ئارامییم هەڵبکێشیت.
ئەم گرێ کوێرە شەیتانییەم بۆ ناکرێتەوە،
ئەم هەموو ویردە ئەخوێنم و
لە تیژڕەویی پەرەسێلکەو لە ساردیی نیگایەك ناگەم
کە دەم ئەخاتە دەمی ژێوانییم و
هەنگاو هەنگاو دوورم ئەخاتەوە؛
دوورکەوتنەوەیەك لە تێکئاڵان نزیکترو
لە سوجدەیەك بێ ڕەواجتر.
لەو گزنگەی
وەك پەڵەیەکی درەنگ وەختە دێت و
کاڕ بە چاوەڕوانییم فرێ ئەدا، جەللادترو
لە ماسیگرەکانی ڕوحم بە پەلەتر.

# وا ئەزانی چ دەبێت؟

گەر بە وەڵامێك ئاسودەم نەكەیت؛
تۆ وا ئەزانی چ دەبێ؟
وەك ئەو ئەستێرەیە وایە، تیرۆژێكت تێئەگرێ و
نازانیت چ بریقەیەك ئەدا بە تاڵ تاڵی قژت.
هەر نەتبینم..
بۆ تۆ پێت وایە چ دەبێت؟
وەك مردنە،
هەمووان ئەزانین هەر ئەگا،
چۆن بتوانین بە پاساوێك ساتێك بیری ببەینەوە.
تۆ وا ئەزانیت چ دەبێ، گەر هەر نەیەیت؟
گەر بیانویەك ببینیەوە بۆ نەهاتن!
گوایە ڕێگەم پڕ لە پێچ و پەناو قۆرتە..
ڕێك وەك ئەو بەردە ڕەق هەڵدێم
بە ناو قەدی شاخێكەوە
بە دزییەوە
لە سوسەی هەڵكردنی بادا خۆی مت ئەكا،
تا نەزانێ
چۆن سەرەتاتكێ لەگەڵ دەنگی پێیدا ئەكا.

# دوا چۆڕەی شەراب

بە خێرایی بازێك؛
هەموو كۆڵانەكانی ڕوانینم..
لە خەندەیەك هەڵئەكێشم و
هەموو خەندەكانیشم لێهەڵئەوەرێت؛
كاتێ بێباكیت..
وەك دانە هەنجیرێكی سیسی جێماو،
ئاوڕێك لە كەس ناداتەوە.
بێباكییت ئەمكات
بە پەڵە سامالێكی ناو تەنكە هەور؛
كە نائومێد نائومێد
بەدیار داپۆشینیەوە خەو بیباتەوە.
لە دواچركەی سەری ساڵ ڕائەمێنم
كە چۆن لە پڕێكدا تەنیاییم ئەسڕێتەوە.
وەك ئەو دڵۆپە ئاوەی زەڕنەقووتەیەك بەر لەوەی بمرێت
چاوەڕوانی گەڕانەوەی دایكانەكەی بێت،
وەك دوا ساتەكانی پێش لە سێدارەدان،
دوا سیی چركەی یارییەكی دۆڕاو،
وەك پێش وەرگرتنەوەی نمرەكانی شكستی
منالێكی بزێو،
وەك دوا چنگی گەنمێك لە دەمی دەستاڕدا،
بێباكیت خێراتر لە جاران ئەمهاڕێت.

# لە پشتی " با "وە، ڕوانین

بینینێك بەسە تا ڕۆژە ئاغرەكان بگەشێنەوە،
بینینێك بەسە،
تا لەژێر ڕەژووی نائارامییەوە گوڵێك هەناسە بدات،
گلەییەك بەسە، تا " با " ڕووی بكاتەوە تاسوقی هەرمێ.
من لە پشتی " با" وە
گوێ لە هارمۆنیای ڕۆشتنێك ئەگرم
لە خوێنم نزیكترە بە ئاشنایەتیی،
لە ئاشنایەتیم نزیكترە بە ڕوحم
لە ڕوحم نزیكترە بە وەهم و ئەفسانەكان.
لە ئاوڕێكی " با "دا،
شەوقێك ئەكەوێتەوە
كە حەددی هەبێ هەموو دنیا لە چركەیەكدا بكات بە نسێ،
خاپوركراوەكانیش
لە گلێنەمدا كۆ بكاتەوە.
پشت مەكەرە من ئەی " با.."
تۆ حەددت هەیە
لە پڕێكدا
بە تەوقی سەرما ڕۆچیت و
بۆ ئەبەد

لە بەستەڵەکی ژیانا مۆمیام بکەی.
تۆ حەددی ئەوەت هەیە
هەموو چرکەیەك شەونم بیت و
لە هەموو شەونمێکدا
موعجیزەیەکی ئیلاهی
بکەی بەسوێی درەنگ هەڵکردنتا.

# پیرتر لە هەنگاوی هەوراز

ژەنگ لە ڕوانینی ئایندە ئەدا
پێ ئەچێ وەك بەردی ئاشی کەلـلەسەر
بیرازێکی بوێ،
ئەو خەوالّووەی باوێشکی لێ ئەکەوێتە کۆشیەوە.
ئەو ئاوەی خۆمی پێ ئەشۆم
هەرچەند هەمان ئاوی پێشوو
هەمان باری دەروونمی نەناسیوە، هاوڕێش نەبوون.
بەڵام من هەر وائەزانم..
هەر وەکو جارەکەی پێشوو، هەندێ فیکری لەکارکەوتوو
هەندێ قسەو پێکەنین و کرانەوەی
پێ ئەخەمە گونجەکەوەوە
ئەوی جاران لام گرنگ بوو
ئیتر ئەبێتە ڕابردوو.
ژەنگ لە ڕوانینی ڕابردوو ئەدا
لێئەگەڕێم ژەنگ بیخوات و
ئەوەندەی خۆم سەرقاڵی قوماشێکی پواو بکەم،
لە ئاوریشم
خەیاڵێکی پاراو ئەچنم بۆ یارەکەم.
لەگەڵ قەدی دارتوویەکی بەساڵاچوو
بمکاتە ژیلەی سەر ڕەژوو.

# لەو دوورەوە، ڕەهێڵەیەکە پڕ لە پروشە

دەنگت نییەو
لە زەینما هەر گمەی گۆرانییەکت دێت،
گۆرانییەك لە دامێنی گۆیژەدا
بدرەوشێتەوەو
بۆ ئەبەد لە خۆتم هەڵکێشێ.
لەو دوورەوە
من گوێم بە دەنگت ئەزرنگێتەوە؛
شەپۆل شەپۆل ژوورەکەم پڕ ئەکا لە دەنگ و
پیتەکان بە سەرما ئەرژێ.
لەو دوورەوە
گەڕانەوەیەك ئەگاتە گوێی چاوەڕوانیم
زەنگێك ڕاچڵەکینم بێدار ئەکاتەوە،
سڵاوێك هەناسەیەکم ئاو ئەدات و گوڵی ماچێك ئەپشکوێ.
من ئەزانم
چاوەڕوانیم خورپەی دڵە
ڕۆژێك هەر ئەگەڕێیتەوە
ئەبیتەوە بە نیگایەك، تامەزرۆ بە پێکەنین
تامەزرۆ بەو ساتانەی، بۆم ئەنوسین.

# به لاملی وەهمەوە

دەستم ناچێتە بەهەشتی تۆ.. لە گرێژنە هەڵیکێشم؛
دەنا چی بۆ من جێهێشتووە..
دوو دەستی پاڕانەوە نەبێت لە وەهم،
کە قەفی دڕکەزیم پێگرتووەو
دەسکەنەی نیسکی پێ ئەکەم.
ئەترسم ببمە ئەو نێرەمووکەی بەسەرشانیەوە
جووتێ دوممەڵی ئەزەلیی ڕواون،
نە دەردێن و نە ئەبەد ساڕێژ ئەبنەوە.
ئەترسم ببمە ئەو قەتماغەیەی
بە هەموو کزەبایەك هەڵدرێمەوە
بۆ هەموو کۆتەڵێك
لە ئاراوی هەڵکێشمەوە.

.........................................

×دەسکەنەی نیسك: زۆرترین وردە دڕك و داڵی پێوەیە.

×کۆتەڵ: شیوەنگێڕیی بەدەوری جلوبەرگ و بەکارهێنراوەکانی مردوویەکەوە.

ئاراو: جل لە ئاو هەڵکێشانەوەی پاش شتن.

# ڕستێك دڵی شكاو

بەسەر پشتی ئارامییەوە لەنگەرم گرتووە؛
لە هیچ بێدەنگییەك ناچم، سەپێنرابێ.
وەك تەرمێكی بێ منەت لە ژاوەژاو
بێ منەت
لە چڵكنیی ڕۆخانەیەكی ئاو لێبڕاو،
لە ساتە ڕوو گرژەكانی موحیبەت،
لەسەر گازەرای پشت، بە ڕووی نیگایەكدا ئەكەوم،
كە ئازارم ئەچنێتەوە
ماندوێتییم دەسكەنە ئەكاو
بەركۆشێ گوڵم بۆ ئەچنێ.
لە بێدەنگییەك ناچم ترسا بێ..
بە كپیی ئەڕژێمە سەر ڕێژنەی وشەی فەرامۆش و
لە پەراوێزەكانەوە
چنگێك مرواری لەبیركراو
ئەژێنمەوە.
ڕستێك دڵی شكاو مەست ئەكەمەوە،
تا بۆ ئەبەد
ئاسمانێكمان هەبێت؛

پڕ لە نیگەرانییە هەڵاتووەکان و
خاڵیی.. خاڵیی لە گۆرانییە سواوەکان.

تۆ مۆڵەت لە هەمووان ئەخوازی
لە دڵی من نەبێ.
بێ ئاگا لەوەی بەدوای شوێن تایەی ماشێنەکەتەوە؛
وچانێکی تەواو بەڕێ ئەکەم؛
واهەست ئەکەم. لێم تێ ئەگا.
بێ ئاگا لەوەی دوای خۆت..
بێ تۆیی ئەکەمە تۆیەك
لە بێ باکیی و
ونبوونی خۆشم یەك نیگا.

# حوسنی نیگا

ئەو کاتەی دەرئەکەویتەوە درەنگە
درەنگ.. درەنگ.
نە پەڕی گوڵێ ئەبینیتەوە
نەرزیبێت،
نە وشەیەك ئەبینیتەوە نەسوا بێت،
نە خەیاڵدانم کەڵکی داڵدەدانتی پێوە ئەمێنێ.
ئەو کاتەی ئەگەڕێیتەوە خاڵییە،
خاڵی.. خاڵی.
خاڵی لە سەڵتەنەتی شەونمی بە بریسك و باسك،
لە ڕەونەقی ئەستێرەی پڕ تیرۆژو
لە هەنجەتی جەسارەتی ماچکردن،
لە شنەی هەڵکردنی پەنجە بۆ سەر سنگ و
لە ڕوانینی بزێوی حوسنی نیگا
لە پەنجە پێتەوە بۆ تەوقی سەرت.

بەشی یەکەم لە دەقی:

×××××××

# سەرقاڵ بە ژیانەوە

ئەوەندە سەرقاڵیت بە ژیانەوە؛
چرۆیەکت ناگاتە بەر قولاپی بۆنکردنم،
نمەیەکت بەر ڕوانینم ناکەوێ،
تروسکایی چراوگی خۆتم لێ بزر ئەکەی.
تا ئاسمانێك لەتاریکیم بۆ هەڵبخەیت.
تۆ ئەزانی
لەژێر هەموو ئەو ڕەواڵەتە هەڵڕژاوانەوەی
باسی ئەکەیت،
لەژێر هەموو سەرەباسێکی نۆژەنی ژێرلێو خستنەوە،
چەند بێباکە خۆشەویستی،
چەند زیتەڵەو چەند سەرکێشانە شەرمی تۆ
لە ڕوخسارەوە ئەدزێت و
چەند مەستانە،
لە ڕوانینی تاڵ بە تاڵی قژی تۆوە
لە هەڵبەزو دابەزی برژانگەکان و
لە لێوەلەرەی چرپەیەك،
شانامەیەك..

ئەخاتەوە بەردەمی ئەو یەکەم ڕۆژەی
تۆی تیابینی؟!
لەگەڵ بەختا
گرەو لەسەر مێژوویەکی لێوڕێژ لە خەم،
لێوڕێژ لە بزەو لە تاسەو
لە هەڵپەی ئەو ماچە ئەکەن؛
کە ڕیشاڵی خۆی لە دڵی گەنجێتیی تۆ جێ ئەهێڵێ و
لە خەونی سەرمەدیی مندا
ڕەگ دائەکوتێ.

# سەرقاڵ بە ژیانەوە..... " ٢ "

چەند لە جوانیی خۆت ئەچێ خۆ نەبانکردن؟!
چەند لە جوانیی خۆتەوە دوورە شاردنەوەی
دەری سنگ و
سیلەی بەبریسك و باسکی ماچێکی تەڕ.
چەند حەز ئەکا لە تۆ بچێ؛
ئەو ئێوارانەی تەنیاییم هەڵئەمژێ،
ئەو شەوانەی تۆ بە ڕووتیی لەسەر گلێنەم ئەنیشیت.
ئەو ساڵانەی بە بوختانی تۆ خۆشویستن؛
من مەحکوم بووم بە تەنیایی،
من مەحکوم بووم بە سەرقاڵ بوون
بە دوا ئاونگی گەردیلەی جەستەی تۆوە،
بە دوا دزەی ڕوناکیی هەناسەی تۆوە،
تۆش سەرقاڵ بووی بە ژیانەوە؛
نەتئەزانی بڵێسەیەك بە دەوری تۆدا ڕواوە
دۆزەخێکیش
بۆ چاوەڕوانییەکی ڕوون،
بۆ بەستەیەکی نوزە دریژو شەرمۆکەی
شیعرێکی دەمشڕ هەڵکراوە.

بەو سوتانەوە ئەتزانی
چۆن هەناسەم ئەپێچایەوە تا ساتێك
ئاوپرژێنی تەنها بینینێکت بکەم؟!
تۆ ئەتزانی
من ژیانیشم جۆرێکی سەربەخۆ بوو
لە کولانەکانی عەدەم.

# خۆم موبتەلا، بە پەیامێکی سەردەوە

ئەو کۆڵانانەی پێی ئەگەیتە بەر سیلەی گوناهم؛
لە بێباکییت ڕائەمێنن،
لەو گریمانە بە دەما کەوتووانەی
چاوەڕوانی بەسەرکردنەوەن؛
چاوەڕوانی لە تریفە هەڵکشان و
تیرۆژ بەرکەوتتن.
ئەو کۆڵانانەی پێی ئەگەمە بەر یەکەمین ئاوڕدانەوەت؛
پڕن لە تریقەو لە ڕاسپاردەی چاوەڕواننەکراو،
پڕن لەو ئومێدەی ئەمگەیەنێتە بەر نیگایەك
کە دەرگا بەڕووی دڵەخورپەمدا ئەکاتەوەو
خۆی لە نەبانیدا نغرۆ ئەکا.
ئەوەندەی پروشەیەك،
تیسماڵکێکی بەجێماو،
دوا قومی چایەك لە بنی پیاڵەیەکدا،
چلێ قژی یاخی کاکۆڵ و
ماچێکی بە کۆد داخراو،
وێنەیەکی ئەبینم و ئیتر من
بەر نەفرەتی خوێنجمان ئەکەومەوە.

# بە پێش چاوی عالەمێ

بە ڕەنگە ساردەکانەوە لە دڵتەنگیم ئەڕوانی،
لە درۆیەك پەتیی ترو
لە خۆرکەو ژەنگ سوێنەرتر،
لە برسێتیی وروژێنەرترو
لە بێدادیی خەمساردتر ئەڕوانیتە ئەو درمەی
ساڵانێکە یادەوەریم کرمۆڵ ئەکاو
پەیکەری تۆ باڵاو دوورتر.
ئەوە بۆ نارِوانیتە دەمی منیش و
لە گرێی لاڵەپەتەییم بگەیت؟!
بۆ نامچنیتەوە وەك هەناسەت
تا بزانی ژیان لە کوێدا خۆی مەڵاسداوەو
چ بلێسەیەك بە دەمی پشکۆوە سەما ئەکا؟!
تۆ بە پێشچاوی عالەمەوە
ئەتوانی موعجیزەیەك بدرکێنی
ببێتە شەکرۆکەی دەستی منالێك و
گەرەکێك، شارو ولاتێك
بە ڕوانینی بتاسێنن و
هێدیی هێدیی، لە ئەستۆپاکیی تۆ بگەن.

# بەسەر پلیکانەکانەوە

ئەو وێنانەی لەسەر زەینم ئەخلیسکێن
بە چەندین تەسریحەوە گەمە ئەکەن
بەڵام بە یەك تەرزی خەندەوە رائەبورن،
کە بە ئاستەم بیرم لای ژیان ئەهێڵنەوە؛
کە بە ئاستەم لە نێوانی من و
هەڵقرچانی لێوی پەلکە قامیشێکدا
شتێك ئەهێڵێتەوە بۆ لێك نەچوون.
تۆ لەسەری پلیکانەکانەوە
هەرچۆنێك خەندە هەڵڕێژیت
من لەم دامەنی بۆنی بەهارو
لەم دامەنی باڵایەتەوە
لەم دامەنی عەشقە درێژخایەنەوە؛
دەروازەیەك ڕائەهێڵم
شەوانی دابڕانێکی کورتم بخاتە سەرپشت و
گوڵی تریفە بگرێ.

# داڵدەی برینێکم ئەدەی..؟

دوا دیدەنیم بۆ وێنەگرتنی دواخەندە؛ت
بە شێنەیی لە پەسێری خەیاڵمەوە
بەناو ڕەوی مرازە سەرهەڵگرتووەکانەوە،
لەبەردەمی نیگایەکدا لە تیشك هەڵئەکێشم.
وەختێ دەمی برینەکانم ئەکەمەوە؛
بەڵکو ساخوایە
بۆ جارێك داڵدەی بدەی.
برینی تۆ لە ڕۆخی ئازارە گەورەکاندایە
لە مەستیمدا ڕوناکترو
لە وشیاریمدا بە ئازارترن.
برینی تۆ
لە بانگی بەیانییەوە، بۆ دوای خەوتنان
یان لە بانگی شێوانەوە بۆ دەمە دەمی کازیوە،
خوێنێکیان لێ ئەچۆڕێت
پڕ پڕن لە وشەی کەڵەگەت
کە من هەست ئەکەم پولەکەچنی باڵاتن،
وا هەست ئەکەم
چنراوی لوغزی نیگاتن.

# بە تۆنی دەنگت، شیرینە ئەوێ

کە تۆی لێ نەبی،
سبەی چاوەڕێم ئەکا.
سبەی ئەبێتە دەرچەیەکی فراوانی گینگڵ و
منیش چاوەڕوانی ئەکەم.
کە تۆ نەبیت؛
ئەوێ دەموچاوێکی مڕومۆچی بێزارکەرە،
تەویلەیەکی دەرگا داخراوی بێزراوە،
دەنگوباسێکی سواوی هەزاربارەیە.
تۆنی دەنگی تۆ ئەیکاتە
مێرگوزارێکی ڕەنگین و
شانۆی نمایشی جوانەکان و
ماچی ڕوح سوکی هەڵڕژاو.

# لە گەڕەلاوژێدا

لە گەڕەلاوژێدا؛
هەرچی قەدەغەکانە سنگیان ئەکەنەوەو
پرچیان لە بەرامەی ئازادیەك وەرئەدەن
کە دەگمەن ئەگاتە ڕوحی مەیزەدە.
لە گەڕەلاوژێدا؛
بینینم سەراپا جەستەت ئەپشکنێ و
جاروباریش
بەدوای هەڵدانی ماچێکی وشکی دەم هەواوە
ئەوەندە لە نیگادا ون ئەبێ
شینایی ئاسمان ئەگوێزێتەوە قامەت بەرەو خوارو
گلێنە ڕەشەکانیش لەسەر سنگی ئەڕوێنێ.
لە گەڕەلاوژێدا؛
دڵخۆشیی ئەبێتە بەرگێك بۆ دەم و لێو و
پێکەنین ئەڕژێ.
لە گەڕەلاوژێدا؛
هەموو نیگام ئەبێتە پێدەشتی خۆری ڕوانین و
وشەی ئەپرژێ.

# بەیانییەك.. نۆخ نۆخ.. وەك خەندەت

لە غەفڵەتا وەك ڕەنگ،
وەك پروشەی فوارەیەك،
وەك ڕوحی تەڕ
بە جەستەما ئەڕژێیت و
تەڕ تەڕ ئەبم بە شیلەی ئایندەیەك
کە تا ئێستاش وەك سەربالّی خالّخالّۆکە
تەنها لە جوانییەکەی نەبێ،
لە هیچیتری تێناگەم!
بەیانییەك بێ ئاگاتر لە بەدمەستێك
هەنگاوی خەیالّم ون ئەبێ
لە حەوزی نیگادا ون ئەبم،
ون بوونێك لە عادەتی خۆشویستنت بەتەمەنترو
لە بینینت کوشندەتر.
بەیانییەك..
ئا بەیانییەکی بەرباد
بەیانییەکی تیژڕەوی پڕ جوانیی لە خونچەیەکی سوردا
بەیانییەك لە ڕژانی نوردا.

# هەڵدانەوەی پەڕەکانی ویقار

کە کەڵکەڵەی نوسینەوەی تۆم دێتە سەر،
تێڕامانم لە خۆت پیائەچۆڕێتەوە..
بە سرەوتەوە کەمتر لە جاران
دزەنیگایەك بۆ نیگایەك ئەژێنمەوە.
کەمتر لە جاران،
دەستم ئەچێتە زەنگێك و بە ئاگای بێنمەوە
تا بزانێ بیری ئەکەم.
کەمتر لە جاران
وێنەکانی ئەهێنمەوە سەر پێڵووم
ئەترسم لە مەراقێکی خۆیدابێ و
بارگرانییەك لە خۆڕسکیی خۆمی تیا هەڵکێشم.
ویقار چاوی ناچێتە سەر قەرەوڵێکی نیشانپێکەرو
ئەم ئازادییەی ئەو ناسینم بکوژێ.

لە سەفەری نیگایەکدا ون بووم؛
هیچ باڵندەیەك نامگێڕێتەوە سەر یەکەم هەنگاوێ،
کە کبریائم تیایدا جێهێشت.. ئیتر بەچی لە بیرتکەم؟

# دوور لە ژیان.. نزیکتر لە خەمساردیی

بە توانجێکەوە دەستخەرِۆم،
کە لە مانگەشەوی بەلارِێداچوونی ترێدا،
لە هەڵدانەوەی لاپەرِەکانی تیشکێکی سەرخۆشدا
لە ئاودامان خەمساردیی
لە پرِاوپرِ بێدەربەستیدا؛
کاتێکم دەست ناکەویٚ بۆ زیکری رِوحێك
کە رِەگی ساڵەکانی لە بوونما نوشتاندووەتەوە.
بە خەندەیەکەوە دەستخەرِۆم
کە لە پشتی منەوە دەرکی دۆزەخێك ئەکاتەوە؛
تەنها خۆم بەرگەی سوتانی تیا ئەگرم.
ئەو هەموو موتوربەیەی کردم.. نەهاتە دەست؛
ئەو هەموو بیانووەی لە خۆمم گرتەوە
نەمئەتوانی رِێی لیٚ بگرم.
دەمودەست لرفی خەمساردیی بردنی و
دوور لە ژیان،
بە ئاماژەی پەنجەکانی
تورِی هەڵدام.

# پایزێك.. بەر لە مردن

پایزێك، وەك تاقێكی ڕوو،
سبەینانێ، یان دەمەدەمی بزەیەك..
خەیاڵ ئەكاتە چەترێكی شكاو،
تەمێكی دابەزیو بۆسەر نسێ،
برژانگی بەسەریەكا كەوتوو،
لە منەوە؛
بێدەنگییەك لە چەشنی سێبەرو
مات بوونێك بە ئەندازەی كۆترێكی پێكراو،
شەیدابوونێك،
وەك سەمای وردە شەپۆلێ
بۆ دامەنی خڕە بەردی لێواری جۆگە.
لە سروشتەوە،
نوسینەوەی دابڕانێكی نیگەران و
دڵشكانێكی ئاغرتر؛
لەو لوغزی سامالەی دەرناكەوێ.

# گۆرانییەکی سەرکێش

پەنجەیەك لە ژیانم وەردە،
ئیتر ئارامیم ئەکەوێتەوە خرۆش.
ئیتر سنورێك نامێنێتەوە بۆ لەنگەر گرتن،
تەقەڵێك دەمی خۆی ناگرێ،
تا هاژەیەك نەکەیت بۆ قوڵایی ڕوحم.
تەنها خۆت ئەتوانی
هەموو ئەم کاولەیەی ڕوحم ژێرەوزەبەرکەیت!
تەنها ئاماژەیەکیشت، لێگەڕانە
لە سەوداسەریی من و ئازایەتی تۆ،
لە هەڵڕشتنی نەزیفی نیگام
بۆ ئەو ڕۆژانەی
کە دێمەوە بەر یەکەم هەڵوێستەو
یەکەمین مەرام.

# خۆم لە قەدەری تۆ ئاڵاندووە

بە قەدەری تۆوە بەستراومەتەوە،
نە ناولەپێك شك ئەبەم بۆ دەستگرتنەوە،
نە دیدەیەك بۆ هەڵفڕین بەرەو پەنجەرە شكاوەكانی خۆم.
نە لێرە دیاریت نە لەویّ!
بستێك ڕێگا شك نابەم
لەسەر هەموو ڕێگاكانم، تا شوێن پێت هەڵگرم،
قاوەخانەیەك نابینمەوە سەرێكت لێدابێ؛
تا لە كوپەكەتا فرمێسكێ بنێژم.
تۆ نە لەوێ دیاریت و نە لێرە..
تۆ نە ئەزانی چۆن لە نیگایەكما بسرەوی،
نە ڕێش ئەبەیتەوە سەر دەمی برینێكم.
كەچی من هەر قەدەری خۆمم لە خەندەیەكدا شین ئەبێ و
هەر مەراقی ژوانێكت ئەمكوژێ.

# سێبەری پێکەنین

هەموو عومرم لەو پێکەنینە هەڵئەکێشم،
بەردەوام لەسەر ڕێی بیستنم ڕواوە،
بە ئەفسانەیەك خۆی ئەپێچێتەوە
کە دارەدارەی خۆشەویستیی پێ لە خەمرەخساو،
ئاگرێکە بەردەوام لەسەر گلێنەشم ئەڕوێتەوە.
لە سێبەری پێکەنینێکدا وشەم زاووزێ ئەکەن؛
کە بە لوتفێکەوە
چەقۆ لە ئازارم ئەسوێ و
ئومێدم ئەڕنێ.
با تۆ هەبیت تا لە چاوەڕوانیی قوڵایی سنگتا،
شەیتان زیرەکانە خەونەکانم لێوەربگرێتەوەو
لە جیاتی شەکرە وشەیەك
باوەشێکم بداتێ؛
کە نەتوانم بۆ هەمیشە دەستم واڵا بکەمەوە.
تۆ با هەبیت و
ئەم میراتەمت بەرکەوێ،
کە جگە لە خۆشویستن، کاکڵەیەکی تر بەری نییەو
بۆ بێزوو کردن،
قۆزاخەیەکە لە هەنگوینی ڕوح.

# بە شکۆی ماندوێتییەوە

لەسەر شاباڵی ئاوازێك
ئەبمە کاولەکانی موحیبەت؛
کە تیایدا چمکی فەقیانەی ماندوێتییت
شەکەت شەکەت، لە ملم دەئاڵێ و
منی گوناهباری تیا ئەبمە نسێیەك لە بێدەنگیی،
تروسکاییەك لە بەدگومانیی و
شینکاییەك لە بەستەڵەك.
منی نزاکار بۆ دەرفەتێکی پشووت؛
سەران لێو ئەبم لە سوکنایی،
قەتماغەکانی جوان بینیم هەڵئەوەرێن؛
کاتێ لەژێر بێداریی خەیاڵە پەتییەکانمەوە،
بە سەرکردنی برژانگ
بلێسەیەك ئەگاتە نیگام و
ئارەزووی لە باوەشگرتنی ماندوێتیت ئەکەم.
بەو شکۆیەوە جوانتری،
بەو تریفەی حوزنەوە ئشتیاقی لە باوەش گرتنتم زیاترە،
بەو هەڵڕشتنی بێدادیی ماندوێتییەوە،
گوڵ لە بەژنتا چرۆکەی
زۆر گەشترو
ئاودارترو
زۆر پاکترە.

# بازی بێرییان

ئاودامان ڕەش ئەچێتەوە؛
ئەودیوی حەسارە گەورەکەی نێوانمان.
من لە بزەیەکت وەرئەدەم و
تۆش لە زەنگۆڵەی پێکەنینێك؛
کە نۆتەکان خۆیانی پیا هەڵئەواسن.
دەنگێکی کزر وەك خۆم،
وەك وتنێك کە پێ ناگرێ،
وەك زایەڵەیەك لە بووندا.
پێت ئەڵێ:
تۆ بەس لە چاوم بڕوانە،
هەموو وتنەکان بە دڵەڕاوکێوە لەسەری نیشتوون.
هەموو خولیاکان ئەوەندە لە چاوەڕوانیدان
بەرەو پوکانەوە ئەچن.
بڕوانە نیگایەك چیم پێ ئەکا؟!
چۆن ئەمکێشێتەوە بۆ باڵگرتنێك،
کە مەگەر هەر خۆی،
هەر بازی بێرییانم
بزانێ بێ دەربەستانە،
ئەمداتە دەم لرفەی چ چارەنوسێك و
چۆن هەر خۆی ئەزانێ
لەسەر کێلەکەم دوا وتن بنوسێتەوە.

# سپیدەی باخی سێوان

به ملی تافدا داگەرێ،
ئەی رەشپۆشی بەر خانەقای شەوی مەستیم.
لە ناو تاریکیی خوێنمدا
کە گەنجێتیی لە کۆڵ ناوە،
نوری گەردنت فوارەیەك ژیاندنەوەی
وشەو رستە سەرخۆشەکانمن.
تاڵ تاڵ قژی بەستراوی راکشاوت
بەسەر روانینی کشاوما
بەرەو ناوشان و سەر سینەی رووتت
وەکو رووتیی مرازی چەندین ساڵەی من،
سروەتێکن بۆ گیرسانەوەی شکانی
باڵەکانی تەنیایی من.
ئەی رەشپۆشی لە دانەوینتا سەرنج و
بە دەرکەوتنی دوو سێوی ژێر جلی رەش،
دوو خۆری پڕ لە ئافاتی سەر گلێنەم،
دوو گۆی ئاڵتوونیی بێ دەربەست حەشاردراو،
دوو مانگ لەم ژوورەدا هەڵدێن؛
هەڵپەیانە بۆ دەرکەوتن؛
دوو مانگی پڕ لە تریفە، کە لە چنگێك بچوکترن،
لە رۆشنایی نوری خوایی
لە زەینی منا شەنگترن.

# نیگایەك.. لە ڕەگی ژیانا

پڕ پڕ لە جوانیی.. نیگایەك،
کاتێ بەرامبەرم پشوویەك بە پێڵوو نادا..
دڕ بە سەرکێشیی ئەدات و
بۆ تاوێك
پڕم ئەکا لە هەنگوینی گلێنەی زەرد،
لە تەڕایی لێوێکی حەسرەت بە ماچ و
لە سەرەتاتکێی چرپەیەك
کە لەسەر سنگی ئاماژەی وتن ئەکا.
نیگایەك پڕ پڕ لە ژیان؛
وەك گزنگی خۆر هەتاویی،
وەك شوشەی سەر دڵم تیوار،
وەك هەناسەم
پڕ لە شەپۆلی خورافەو
پڕ لە ئەفسونی تەنیایی.
لە تەنیاییمت ئەپێچم،
بە ئاوازە خۆشباوەڕەکان ئەتلاوێنم،
بە تینوێتیم بۆ ماچێکی درێژ خایەن
فاڵ بۆ داهاتوو ئەگرمەوە،
ئەی نیگای ناو ڕەگی ژیان؛
ئەی پڕ وتن و نەدرکان.

تیوار: شفاف

# هەندێ ڕۆژ، بەخششی مردنە

وابزانم دەستنوێژ لە خاوێنیی دڵ بگرمەوە، چاکترە..
مانایەکیتر بدۆزمەوە بۆ سووسەی هاتنی یار،
ڕێگەیەکیتر ببینمەوە بۆ گەیشتن بە دڵی خوا..
ئاخر سپێنەیەك کە هاوسەنگیی ڕوانینە، بمرێ و
ئارەزوویەك لە سینەمدا نزای خنکانم لێ بکا،
کەڵلە سەرم بداتە بەر ڕێژنەی هێورنەبوونەوە؛
ئیتر بە چ دڵێکەوە..
بە پەیژەی خەیاڵدا هەڵگەڕێم و
بگەمەوە بە کەروێشکەی خۆدانە دەم شەپۆلی " با" و
بچمەوە بەر یەکەم سەرنج
یەکەمین خولیای لە مێژ و
یەکەم نیگا؛
مەگەر سەرکێشیی لەکۆڵ نێم،
خۆم بدەمەوە دەم قەدەری
یەکەمین چاوتروکانی " با"
کە مێژوویەکیتر، ڕەمزێکیتر
لە تەمەنی پیریم ببا.

# ئەی خوداکەم.. لە سبەینێم خۆش بە

سبەی لە ئاوێنەیەکەوە ئەڕوانمە خۆشبەختیی،
یان ڕاستتر؛
سبەی بە خۆشبەختییەوە پیریم رائەگەیەنم.
نا.. ڕەنگە ئەوانەم پێ نەکرێ..
سبەی دەستی پەریزادێك ئەگرم و
ئیتر سوێندی بۆ ئەخۆم
کە دەعوەتی بکەم بۆ دڵەڕاوکێیەکی بە کۆمەڵ،
لەگەڵ هەندێ پەڕی گوڵا
کە نازانن بچنەوە بۆ گەڕەکە کۆنەکانیان.
نا..
ڕەنگە سبەی شیعرێکی کاڵ و کرچیتر بنوسم و هیچیتر!
بە قەدەر خۆکوشتنیش چێژی لێوەرگرم.
یان خۆم بکوژم و هەندێ وڕێنە جێبهێڵم، لە شیعرێکا،
شیعرێکی کاڵ و کرچ..
ئاخر کە شیعرێ کاڵ و کرچ نەبێت،
چۆن نابێتە جێی سەرنجی ئەو.
باشتر وایە
سبەینێم ڕێك بخەمەوە.

دەست بە چاوەمەوە بگرم
تا پرشنگی ئەو نەزێتە چاوم و
بەشی هەندێ ڕۆژیتری بینین بکەم.
یان نزا بکەم تا خوداکەم لە سبەینێم خۆش بێ.

# ڕەنگی موحیبەت

ئەو دیوارانەی هەڵیئەچنی،
بە ڕوانینێك هەرەس دێنن..
کە ئەزانی ئیتر بوویت بە چارەنوسم؟!
بێ ئاگا نیت
لە پێدزکەی نیگاکانم،
کە چرۆی پەژموردەی عومری دووایی منیت!
نزیکبەوە.. زۆر نزیکتر،
لەو گرێ و گۆڵانەی ئەیچنی،
تازە هەر خۆت
تریفەی سەر شیعری منی.

# لە سامالدا، هەر سووتنی گزنگ

لە مێژە ئاگرێك بەسەر بێنازیما ئەکشێت ،
بەرەو گرێ هەلْقرچاوەکانی تەمەن،
بەرەو ساردوەکانی نێوانمان.
من لەچاو بێباکیی تۆدا
لە عەزیایەك ئەچم لە فڕین خۆش نەکاتەوە..
لە گریانێك ئەچم
هەر ئەلێی بۆ تۆ ئەستێرکێکم کردووەتە خۆم و
دلۆپەی خەیالْ و
بۆنی خەندەو
شیلەی ئازارەکانتی تیا کۆئەکەمەوە.
بە بێ ئەوەی هیچ بلێم و
دنیایەك مەلی وشەم تێبەردابیت،
بە بێ ئەوەی لە نیگاتا بزر ببم،
لە سامالتا گزنگی هەزاران خۆر ئەمسوتێنێ.
لە مێژە چۆڕاوگەی دلْم
بەسەر خەیالی گەنجیتا لەگەلْ سوتان
گەمە ئەکا.
لە مێژە بوون بە بۆنەیەك
بۆ وێرانکردنی ژیان.

# تۆ چوزانی...؟ !

ڕامانێکی کەڵەگەت،
بە بەژنی دارمێویکی هەڵگەڕاو بە باڵاتا؛
پڕوپۆ توڕەو
تەویڵ گرژو
بسك پەرتەوازەم لێ ئەڕژێ..
تۆ چوزانی.. من بۆ بە پێکەنین ئەتلاوێنم؟!
قەفی ئەم ڕامانە دنیادیتەیە،
پێش ئێستا لە عومرما چەکەرەی نەکردووە..
بۆ یەکجاریش ئەو بێڵوە ترێ هەنگوینیانە،
لە مەزرای مندا خۆری وا
سەرەتاتکێی لەگەڵ نەکردوون و
هیچ بارانێکی وا نەرم پەی پێ نەبردوون.
تۆ چوزانی هەی نابەڵەد!
ڕەنگە من و تۆ بۆ ئێستا
بوونێکی چکۆلەی مەستمان بنیاد نابێ.؟!
ڕەنگە پێش ئێمەو دوای ئێمەش
دنیا خۆی بپێچێتەوەو
سەراپا لە عەدەمدا بێ.

غەزەلێك بە كێشی " كامل:"

××××××××

# سێبەری ئازار

لە ڕوحم گەڕێ تۆ ئەو ئازارەی بێ باك ئەیژێـــــنی
تۆ ئەو ئاوازەی لە دڵگــەرمیمدا بە دڵ ئەیـــخوێنی
لەرەی دەنگی تۆ ئاسمانــــێكە تەڕ، لە چاوم تـەڕتر
كە خاكی سوتوی ڕەش داگەڕاوم جارێك بـــدوێنی
حەزەر ناكەی لە چـــیلكەو چەواڵی عومری درێژم
چەخماخەی نازت، بۆ بڵێسەیەك نەبان ئەنـــــوێنی
خۆ من دەروێشی تیلە چاوێكـــتم بێ ئاگاو بەدمەست
لەسەر ڕوحـــی من چ یادگارێكی تر ئەنەخشـــێنی
ئەی نیگای سركی ئەبەد ڕام نەبووی نزایـــەكی من
تۆ لەسەر دڵی بەردەڵانێـــكی تەریك ئەمـــڕوێنی
تۆ جیهانێكی پڕ لە فانتـــازیای ئاســۆگەی منـــی
ئیتر خۆت بە هەر بنچك و بەردو دارێ ئەمــچوێنی

---

كێشی كامل بەمجۆرەیە: مُتَفَاعِلنْ مُتَفَاعِلن مُتفاعِلُ.

# لە نیوەی ڕێگەدا..

**ئەو كاروانەی پێی لە تەمتومانا هەڵخزێ؛**
**ناگەڕێتەوە سەر زنەی هیوای سەفەر.!**
**بە پێدزكێ بە لاڕێیەكی تەریكا ئەڕۆم،**
**لاتریسكە لە دەرەوەی جیهانە مەحاڵڕێژ كراوەكەمان ئەگرم.**
**ئێستا كاتی ئەوەیە..**
**تاڵێك لە قژت بەم وجودە فەریكە خەمڵاوەدا بەرەڵاكەم و**
**لە هەر شوێنێك گیرسایەوە؛**
**بیكەم بە مێرگی دڵان و**
**دەمەو بەیانێك..**
**نیگایەك ببەمە سەر بێ ئۆقرەیی جوانناسیی خۆم.**
**دەمەو عەسرانێك..**
**بە خەندەیەكییەوە ئاوڕشێنی مەراقی بێ ئەوییم بكا.**
**ئێستا كاتیەتی**
**پێكەنینێكی بڕوێنم،**
**بۆ ئەوەی تا هەتایە دڵتەنگییم بلاوێنێ و**
**جاروباریش**
**ئەو هەموو ئولفەت و**
**ئەو هەموو جانانەیی و**
**ئەو هەموو ڕۆیشتنە پێ پاساوەیم**
**بەسەر مەراقێكدا بۆ شۆڕ بكاتەوە.**

زنە: كانیی بچووك.
لاتریسكە: ڕۆشتن لە دووریی خەڵك، یان پۆل، یان كاروان.
جانانەیی: مەكرونازی بەمەبەست.

# ئەمەوێ گوێ لە ئەوسا بگرمەوە

وەك دەنگی پێت لە ڕاڕەوەكانی تەنیاییدا..
وەك تۆنی دەنگت، كە پەرێز پەرێز بەدوای گوێمدا بگەڕێ..
وەك ئەو تریفەیەی لە شیلەی لێوتەوە
سوسەی تیلە چاوێكم ئەكا؛
من بەردەوام لە سیلەی كۆڵانەكانی ئەوسا وەستاوم!
من بەردەوام لەسەر ئەو سفرەیە دائەنیشمەوە
كە تۆ لە شەرما جێت ئەهێشت و
منیش بە تێریی لە ڕژانی نیگا.
بیری ئەوسا ئەكەم،
كە زەنگێكم ئەكرد بۆ پرسینی هەواڵی كارمامزێكت،
كات لەبەردەمماندا ئەوەستاو
چەخماخەی هەور ئیرەیی بە زایەڵەی تریقەی پێكەنینت ئەبرد.
بیری ئەوسا ئەكەم، كە تەنیاییم لە باوەشی موورادا ڕائەژەند،
پیریيم لێ ئەبوو بە گەنجێتیی و تیایا نغرۆ ئەبووم،
تۆش بە پێدزكەی نیگایەك،
هەزاران برینت ئەكردە ئەوسای سەرچڵیی و
پێشبینیی ئێستات ئەكردم،
كە زەنگ فەرامۆش ئەكەیت و
خەیاڵیشم بدەی بەدەم " با" وە.

# ئەو نامەیەی نازانم بینوسم

ئەسڵی کێشەکەم لەوێوە دەست پێ ئەکا، لە وەڵامیدا زمانم لە گۆ ئەکەوێ.
چەندم پێ خۆش ئەبوو، گەر زۆر بە سادەیی بمنوسیبا.. ئیتر ئەو کێشەیەم لە کۆڵ ئەبووەوە، کە ساڵانێکە بەدیار نوسینی نامەیەکەوە، هەڵکورماوم!
نازانم من چیمدابوو لە ناسینەوەی دەنگی پێ و مردن بە نیگاو گوێ گرتن لە دەنگی بەقاڵەکانی گەڕەك؟ بە جۆرێك ئێستا ئیرەییان پێ ئەبەم.. ئێستا هەڵچوونم لەگەڵ بومەلەرزەو تۆفان و گرمەی هەورو شەو و ڕۆژو خوڕەی باراندایە، وائەزانم ئەویش هاوبەشمە لەو دیاردانەدا.. تا ئێستا هاتنی هیچ جەژنێکم بەکۆڵەوە نەگرتبوو.. کەچی ئەم جەژنەیان حەزم ئەکرد بنوسم " کل عام وانت بخیر"، ئەزانم بۆچی حەزم ئەکرد ئەوە بنوسم، بەڵام وەڵامم ئەوەندە ساویلکانە بوو، تا ئێستاش تێ ناگەم بۆچی لە نوسینەوەی وەڵامدا ئەوەندە دەست و پێ سپیم.. ڕاستیەکەی ئەشڵەژێم، هەموو بەدەنم لەرز ئەیگرێ.. هەموو وشەکان نەزۆك ئەبن و مانا لەدەستم هەڵدێ.
ئەسڵی کێشەکەم ئەوەیە نازانم وەڵامێکیش بنوسمەوە، چ جای نامەکەم.

# سەرت شینکەی... بە مەرگی من

گێرانەوەیەکی ساردە خۆشویستن..
ساڵەکانی لەژێر رِێژنەی ئازاردا ئەگلێن و
لە چاو ون ئەبن؛
دوا دێرِێك کە جێ ئەمێنێت..
یەکەم بینین و
یەکەمین سەوداسەریی و سەرگلانە.
من ئەم کەللە ماندووەم هەڵگرتووە؛
بۆ سەرشین کردن و
گەرِانەوەت بە جوانیتدا،
تا لەژێر ئاهی رِژاوی ئێوارەیەکی بێ تۆییمدا
بیرت بکەویتەوە، کە منێکت هەبووم
تەنها وەکو ئێستای تۆی لای من، دەرئەکەومەوە.
تابزانی ئەو ساڵانەی بنی کون بوو، وشەمی لێ ئەرِژا
خەمساردیی نەبوون،
بەڵکو بە کۆڵ
جوانیەکانی تۆیان شارەو شار ئەگواستەوەو دڵاودڵ
ئەمپرژاند بە دڵاندا.

# پڕ بە بۆنکردن.. دووریی

بە تۆ ئەچمەوە سەر بینین و
بە ئاوڕێکت پڕ ئەبمەوە لە هەراسانیی وتن.
تۆ نەبی ورك لە ژیانیش ئەگرم بۆ مردن،
تۆ نەبی پیتەکانم بەدەم باوە هەڵئەوەرێن، بە بێ سەرنج،
شیعر دوورەپەرێزم لێ ئەگرێ و
نیگام نامێنی
جوانییەکان بەبەر خەیاڵما
بداتە دەم شنەیەك و
گۆرانییەك لە خۆی دارێژێتەوە.
سوپاس، کە بە بوونت
ئەمخەیتەوە گڕوگاڵ و
سادە سادە ئەبمەوە
خاڵیی ئەبمەوە لە ڕەش بینیی و
قلێشێك ئەکەیتە هەناسە سواریم.
نەشئەیەك بە ڕوحما ئەپرژێنی و
هێزێکم ئەخەیتەوە بەر بۆ ڕوانین و
جورئەتێکیش بۆ نیگا.

# ئەتوانین منالّ بینەوە

کە پشتم تێ ئەکەی حەز ئەکەم دوو چاوت بگرم و
بە دەنگێکی غەریب لێت بپرسم؛
من ئاشنای بریسکەی گەردنت ئەکەی؟
یان بە ئەنقەست قژت پانۆرامایەك ڕێك ئەخا؟
ئەتەوێ بلّێی کلّاوڕۆژنەیەك ئەکەمە سەر سنگ و
لەودیوی تۆوە خۆر ئەدزم؟
یان ئازادم ئەکەی ئەوێ پڕکەم لە ژاوەژاو و
دەنگتم گوێ لێ بێت؟
یان ڕەنگە لەودیوی منەوە بتەوێ لە حەسرەتم هەلّکێشی؟
یان بە ئاوڕدانەوەیەك فەرامۆش بوونم هەلّخزێنی و
چاوێك ببڕیتە ئەو نیگەرانییەم
کە سالّانێکە
لە یاری وڕکاوی منالّێك وەڕسکەرتر
بە بەژنتا هەلّئەزنێ و
وەك چەند تالّێك لە بسکی هاروهاج
پشتگوێی ئەخەی؟

# ژێوانترین تاریکیی

سەفەرێك لەگەڵ چرپەی شەوگەڕتا،
لەگەڵ وردوخاش کردنی
یەکەمین کوپەڵەی شەرمی تۆ،
یەکەمین بزە ئەگرێتە بەندەرێکی غەمگین و
بۆ یەکەمینجار دڵی ئەکا بە قوتووی نهێنییەکان.
سەفەرێك بەم قەدپاڵی عومرەوە
بۆ لالەزارێکی قەف تەڕ،
بۆ مەزرایەکی بەپیتی بەر کڕوزانەوەی زەردەپەڕ؛
جارێکیتر پڕم ئەکاتەوە لە بوون،
جارێکیتر..
ئەمخاتەوە سەر خولیای ڕوون.
ئەوە تۆ ئەو هەموو ساڵەی ڕۆشت، لە کوێ بووی؟
ساڵی ڕەش داگەڕانی خەونی سرك و
ساڵی چرچ کردنی ژین لەناو مستما،
ساڵانی ئاگرکەوتنەوە
لە ناو ماڵی دڵداریمدا.
ئەو هەموو عەیامەی کە ڕۆشت، تۆ لە کوێ بووی؟
من بەم عەقڵە خامەوە هەر بە دەستی خۆم

**نائومێدیم تۆو ئەکردو**

**ڕۆژانەش بە بێباکیی خۆم ئاوم ئەدا.**

**ژیان بە دەستی بەتاڵ و**

**بە نابینایی تێپەڕی.**

**جارێك بۆ دڵشكانی من**

**نە چاو، نە سەری هەڵنەبڕی.**

به کێشی پەنجه " ١٢ بڕگەیی"

به ڕەزمی " ٣ بڕگە"

××××××

# نیگایەك لە وێنەی ئەو

وێنەیەك، بۆ منی نغرۆ بووی نـــاو خەیاڵ
نیگایەك، بۆ منی کەنەفـــتەی سـوچی ماڵ
جوانییەك ئـەڕێژێ جـــیهانی مـەجـــازیی
سوکنایی ئەبەخشێ، بە ســـاتی چاوبازیی
دەروویەك کـراوە، ڕوخسارێك بـە ماتیی
مـــژدەیە بۆ ساڵـــی وشکانیی و نـەهـاتیی
لێوی تەڕ بە شێی دڵ، سەرگوڵی جوانـــییە
بـریسکەی ئولفەت و ڕووی ڕوونی کانییە
بە تاڵێك لە کەزیی شل و شۆڕ، بەرچـاوی
تـــەم ئەکا ڕەنگ و بۆی شەرمنی هەتـاوی
شەپۆلێك لە لەرەی سنگیەوە بـۆ گـــەردن
نزایـــــــەو داوایە، گیـرایە ئاهـــــی مـن
بەلادا، کەمێك مــل، لار کردن، کـــوشتنە
بۆ هــــــــەرکەس نیازی تێڕامان کردنە
ئـــــەو ژنە سەرمەستەی عەزابی دەروونە
پەرییە، فریشتەی ئاهێکـــــی زەبـــــوونە

# گوڵهەنار

لە پاژنەی پێت ئەڕوانم،
گوڵهەنارێك ئەبینم،
تازە چرۆی لەسەر بینینم ڕواندبێ.
ئەبیتەوە بەو ساوایەت،
کە لە باوەشی ئەگری، ڕێك وەك من
خۆی لە سنگت دەئاڵێنێ،
یاری بە ژێر چەنەت ئەکات و
بە چێژەوە ئەڕوانێتە ماندوو بوونت.
لە گۆنات ئەڕوانم، گوڵهەنارێك ئەبینم من،
تازە چرۆی لەسەر ڕیتمی دەروونم ڕواندبێ،
ئەبیتەوە بە تازەیی ئەو هەموو سەرنجەم،
وەك ئەوەی تا ئێستا نەمبینی بیت.
لە چرۆی سەر سنگت ئەڕوانم،
ئەو گوڵهەنارە ئەبینم،
کە چاوم بەردەوام ناهێڵێ سەر دەربێنێ و
بە هەڵەداوان ئەیچنێ.
کە خۆشت ئەبینم لە زەینمدا،
ئەو گوڵهەنارە بە ویقارەیت،
کە هەر چرۆو
هەر تازەیت و
لەوەتای من تۆم بینیوە،
ڕۆژێك تەمەنی تێنەپەڕیوە.

# خودایە ئەم سەدایە بپارێزە

سەدایەك لەگەڵ ئەودا ئەگاتە من،
سەدایەك داڵدەی هەناسەیەكی ئاودامان غەمبار؛
سەدایەك كە دەرئەكەوێ،
ئیتر ئاسمانی دڵم شین ئەچێتەوە،
ئەبێتە ماڵی ئاوەدانی خوا.
سەدایەك چاوەڕوانی ئەبم، تا ئەوەی
وائەزانم لەو زیاتر
عیبادەتێك نییە بمباتەوە سەر ناسینی دڵ.
ئامانجێك نییە هەڵمگرێ و
بمگەیەنێتە نیگایەكی پڕ سروتی بێدەنگیی؛
بێدەنگیەك مەگەر هەر خودا لەگەڵ نزاكانی مندا بینوێنێ.
بێدەنگییەك، كە عومرێكی ئەوێ بۆ بڕیارێك و
سەرێكی ئەوێ بۆ بەخشین.

# لە سیلەی دەرگاوە

لەمدیوی چاوەڕوانیی خەیاڵی بزێومەوە؛
کە زیاتر لە تەمەنێکە
تان و پۆی خۆزگەیەك ئەچنێ دەرگایەك بکاتەوە،
بۆ وتنی شتێك
کە تا ئێستاش نازانم چی لە من و
چی لە ئایندەو چی لەویش ئەوێ.
لەو دیوی بینین و لە سیلەی دەرگاوە،
شل و خاو مەچەکی هەڵکردوو،
سپیی تر لە کفنی بەساڵاچوونم
مەچەکی سپیی تر لەو بێدەنگییەی
لە ڕابردوومان ئەتکێ،
لە ملی بینینم دەئاڵێ و
لێواری سنگی پڕ ئەکا لە ڕوناکیی.
لە بینینی چلێسی مندا
وەك تێپەڕینی کەژاوەیەك
سێبەرەکەشی ون ئەبێ،
منیش ڕوحم بەو ئەسپێرم و
ئەگەڕێمەوە دەرکی خەیاڵ.

# ڕواندنی پەنجەکانم لەسەر گۆنات

چاو هەڵئەخەم
بۆ وشك بوونەوە لە سێبەری بەژنی تۆدا،
بۆ جورئەتێك خەونێكم بهەژێنێ.
بۆ ژووانێك لەگەڵ وێنەیەكی تازەت،
وێنەیەك بە گوێما بچرپێنێ و بڵێت:
وەك ڕوناكیی هەموو مووی لەشت ڕۆشن ئەكەمەوە،
وەك سەرماو سۆڵە؛
ئازای بەدەنت ئەهێنمە لەرزین و
وەك ئینجایەكی بەرز هەڵواسراوی قەدی دیوار
بە خۆشەویستی ئاوت ئەدەم و
بە نازێكی سەركێشەوە ئەتهێڵمەوە.
چاو هەڵئەخەم..
لە پێدەشتی پیاچۆڕاوی خەندەی نەرما
لە پێچانەوەی ماچێكی ترسنۆكا
لە یەكەمین دیدەنیی پەنجەكانم بۆ سەر گۆنات،
بۆ دزینی یەكەمین نیگایەكی شەرمن و
یەكەمین نیگایەكی حەپەساو،
بۆ نوسینەوەی یەكەمین
جەنگی ئومێد.

چاو هەڵئەخەم لە سنورەکانی چرپەتدا
منێك هەبم زۆرتر لە زۆر بڕوانێتە بیرکردنەوەو
خەیاڵکردنی حەزی تۆ.
زۆرتر لە زۆر لەبەر پەنجەرەی ڕوانینتا
هەڵکورمابێ،
منێك هەبم.. دەرفەتێکی ڕواندبێ
باخێك حەزی لێ جێمابێ.

ئای خودایە؟!
چەند بێ کاتم بۆ گەیشتن بە خەونێك،
کە عومرێکی درێژە؛
پەکم ئەخا: ببینم، هەستمەوە، گۆرانییەك دابنێم؛
گۆرانییەك سەربەندەکەی هەڵوەری بێت و
بە نیاز بێت ساڵانێکی تریش کلاّفە بکەم.
ئەو بڕوا.. هەراسانییەك ئەمجوێ
پێستی خەیاڵم بۆ نەناسرێتەوە،
شەپۆلی وتنم لە خەونم کاڵتر ببێتەوە.

# چ گوڵدانێکی هەیە دڵی تۆ؟!

لەم دەشتە قاتیەی من ئەیبرِم،
نە بنچکە دەوەنێ، نە ئاسەواری گوڵێك هەیە
تا چاوەرِوانی شین بوونی بکەم و بیخەمە گوڵدانتەوە.
من هیچێکم نییە بیدەم لە گوێسوی بزێوی تۆ،
شیعرێکی کاڵ و کرچ و
هەندێ وردە رِازی رِزیو نەبێ!
بەم بەساڵاچونەی خۆمەوە؛
خەیاڵی خۆم رِائەدەم و
هەرچیم هۆنیوەتەوە
ناکاتە ئەو گوڵەی لە گوڵدانتا شین ببێ.
ئەو گوڵدانەی دڵی تۆ..
زمانێکی ئەفسوناویی ئەوێ بیبرِێ،
دووبارە لەدایکبوونی ئەوێ تا تێم بگا
بەردەوام بارانێکی ئەفسوناویی ئەوێ
تا هەستی کزر نەبێتەوەو
لە جامی ویستندا بمهێڵێتەوە.

# بێدەنگیت ڕەنگاڵەترم ئەکا.. ئەی ژن

هەناسەیەك ساردت ئەکاتەوە لە ژیان،
کە بێدەنگیت وەڕسی کردبێت،
بێدەنگیت لە ورشەی گەڵاڕێزانی پەڕەکانی شیعرو
لە خۆ نەبانکردنت زۆر زیاتر
دەست لە ساتەکانم وەرئەدات و
سوکنایی بە بڵێسەم دێت.
پەمەییتر لە قەڵەمی لێوی سەر ڕووی بڕۆنزیت
ڕەشتر لە سیپاڵەکەی بەرت
بێدەنگیت ڕەنگاڵەییترم ئەکا،
بێدەنگیت هەر نابڕێتەوە ئەی ژن!
ئەی مەراقی چەندین ساڵەی بێ سەرەوبەرەم،
خۆم بۆ کۆناکرێتەوە ئەبەد
تا بێدەنگیت لە قاوەخانەیەکدا نەکرێتەوە.

# لە کۆتاییدا

لە کۆتاییدا، خاڵێك دائەنرێت و
چیرۆکێك لەپاڵ ئەوانیتردا ڕائەکشێت.
لەکۆتاییدا.. تەمەنی چیرۆکەکان گرنگ نییە،
بەقەدەر ئەوەی وێنەی بکوژەکان چۆن ڕەق هەڵدێن!
هەنگاوێکی بچوکم ماوە بگەمە داخستنی
سەدان وردیلە چیرۆك،
خاڵەکانی کۆتایی ئیتر نابنەوە بە پرشنگی نوێ،
نابنەوە بە سەردێڕی وتن لە زەمەنێکیتردا.
لێرەوە ئەچمە سەر ژماردنی ئەو خەونانەی
بە ملهوڕیی بێ هیوام کردن.
بەزۆر لە هیچ
جەنگێکم پێ هەڵئەگیرساندن..
جەنگی پڕ فرمێسك و پڕ کوژراو و
پڕ هەڵوەرین و وشك بوونەوەی خۆزگەکان.
ئیتر ئەو جەنگانە دەست پێ ناکەنەوە
کە پێشتر خۆیان لە کۆتاییدا بوون.

# گێژەنێڵێك پەڕو باڵم ئەكا

بەرەو قوڵایی و نغرۆ بوون،
پرسیارێکی ترسنۆکانەی ئێستامە؛
کە لە دوورەوە جوانتر ئەبینێت و
لە کشانەوەشدا
پێیەکی هەڵپەسێرراو بە پەلکی جوانییەوە جێ ئەمێنێت و
پێیەکیش لە ئاوی خواردنەوەی لیخندا.
ڕەنگە گەڕانەوەم بۆ بەستنی دەرکی شەقامەکانی موحیبەت،
بۆ دورینەوەی دەمی پریاسکەکانی وتن
خۆکوشتن بێ بە جۆرێکیتر،
خەوێك بێت بۆ تاهەتایە،
مەستییەك بێ، بۆ ئەبەد نەگەڕێمەوە ئێرە.

# بە ژوور سەرمەوە خەندەیەك

کۆڵانەکەمان پڕە لە جێ پێت،
دیوارەکان ئێستەش سێبەری تۆیان لێ ئەچۆڕێتەوە.
ئێستاش دارتووە سەڵتەکەمان
بە چواردەورا چاو بۆ نیگات ئەگێڕێ،
ئەو شوێنەی لێی دانیشتی
گۆشەی بینینی ماڵە؛
لەوێوە ئیتر من بە ڕوحما ئەچمەوە،
کە تۆ هەم گزنگ و
هەم ئاوابوونی ئەو تروسکاییەیت
ڕۆژێك لە ڕۆژان
بە سەرنانەوەی من
ئیتر تۆش بۆ ئەبەد لەم ماڵەدا نامێنیت و
بۆ ئەبەد
عیبادەتێك نامێنێ
ئەم غرورە یەزدانییەت بناسێتەوە.

# لەسەر لمی کەنار

ئەم شوێنەم لای یەکێکیتر پووچ و بێ ئامانجە؛
لای من ڕێگەیەکی درێژی نەبڕاوەی گەیشتنە بە ماچی تەمەن.
لای من..
سڕینەوەی ناشرینییەکان و
سڕینەوەی وەهمە بەتاڵەکان و
سڕینەوەی ئەو عادەت گرتنەیە کە هەمووان پێی ئەڵێن
خۆشەویستی.
خۆشەویستی لەسەر لمی کەنارەکان ناڕوێ،
لە باخەکانی دۆزەخدا گوڵ ناگرێ.
چاوێکی ئەوێ
بە بینینی نیگایەکی یار
بچێتە خەڵوەتێکی هەزار ساڵەوە.
بە هەڵنیشتنەوەی خەیاڵی ماچێك لەسەر لێوی،
ئیتر وا بزانێ
گەردوون لە دەمی یارەوە دروست بووەو
لە ماچێکیا فەنا ئەبێ.
کەچی من لەسەر لمی کەنار ڕۆنیشتووم و
لە هەوڵی بێوچانی چاندنی تۆوێکی سەرسپیی نیگاتام.

# زیندانە بکوژەکان

لە سامانی لەپی منا
درەوشانەوەی خۆری تیا بشارەوە،
ئەوێندەر..
خۆر لە بێکەسیی هەڵئەکێشێ.
ئەوێندەر..
لە سوکنایی نوری دڵ تێناگات..
ڕێگەیەك ناهێڵێتەوە بۆ هامشۆی هەستەکان و
کڵاوڕۆژەکانی بینین دائەخا.
ئەی پرشنگی قەدوقامە
ئەی تیرۆژی پرژاوی ئیلاهیی،
لە بینینما خۆت مەڵاس دە!
بگەڕێوە بۆ ناو ماڵی دەرەتان و
بۆ ناو ماڵی هەمیشە کراوەی یەئسی من؛
گومانێکت نەمێنێ لە بریسکەی تا هەتایی
هەڵبەزو دابەزی تاڤگە شەونخوونیی کێشەکانت،
زۆرن ئەو هەڵەت و مانگ و ئەستێرانەی
بەر شەوارەی تۆ ئەکەون.
زۆرن ئەو هەوەسبازانەی دێن و
بۆ ساتێ.. تەنها هەر ساتێ؛

**لە گەمەیەکدا ئەسرەون.**

**ئەم ئینجانەی ڕوحەم پڕکە**

**لە قوربانییە پەژموردەو ناکامەکان،**

**پڕ پڕمکە**

**لەمانای دیلیی پڕوپووچ،**

**ئاسۆگەی کوژراوی زیندان.**

تیرۆژ: دەزوولەی تیشکدەرەوەی مانگ.

پەژمووردە: سیس و ژاکاو.

شیعرێك بە كێش و سەرواو هەناسەی كۆن:

×××××××××

# تۆ ئاگات لێ نییە.. نێ!..

جا تۆ ئاگات لەكام پەنای پڕ ڕۆشنایی دڵی منە؛
من سەراپام
بە نوری خەندەی كورتی تۆ
ئەبێتەوە بە چراخان.
من سەراپام
بە نەبانیی تاقەت پسێنی نیگای تۆ
ئەبێتەوە بە گۆڕستان.
من سەراپام
لە چێژ وەرگرتنی جوانیی تۆدا نوقمە
تۆش سەراپای هەستی كاڵت
سەهۆڵبەندان، بەفرە، زوقمە.
ئاگات لە سەرسامیم نییە
چۆن نیگای پڕ شەرمنیی تۆ ڕائەژێنێ،
چۆن دیوارە سەختەكانی
نێوانیشمان ئەبەزێنێ.
برۆ لە چاوت بپرسە
چەند ئاخ و ئۆفی بێزاریی

لە گەرم و گورِیی سەرنجما هەڵکێشاوە؟
چەندجار دیقەتی لە هەڵپەی لە یەکتر ئاڵانێ داوە.
برِۆ دڵت بکەرەوە
بزانە چۆن بە نهێنیی پرِ بووەتەوە لە رِازی من،
ئەو ئاخانەی بە دەستمەوە ئەیانکێشی؛
ئەوە تەنها
پریشکەکانی سەرنجمن.

نەبانیی= بێ ئاگایی
ئەم شیعرە فێرکارییە بۆ ۆرکشۆپ.

# بە دەرەوەی ژیانەوە سەرقاڵم

لە ژیان گەڕاوم،
خۆی چۆن ئەچێ با بچێ.
لە مەرگ گەڕاوم،
خۆی چۆن ئەخزێنێتە ناو پەرەکانی بوونەوە
با بخزێ.
ئەوی من ئەکاتە دڵۆپەی چۆڕاوی چلورەی گوێسوانکە،
ئەوی من ئاشنا ئەکا بە نهێنییەکی تازەی دەروونم،
ئەوی من لە بۆشایی نێوان بوون و نەبووندا ئەوق ئەکا؛
بیرکردنی پێکەنینێکی تۆو
نازێکی هەڵڕژاو و
تیلەیەکی بکوژی خۆتە؛
کە بێ ئەوەی ئاوڕی تیا بدەیتەوە
لە دوای خۆت
مەرکانەیەکی شکاوت جێهێشتووە.
بە بێ ئەوەی تاقەتێکی گوێگرتنت جێهێشتبێ؛
خۆڵ و خاشاکی هەزاران وردە ڕازو
قسەی نەوتراوی گەرمم جێ ئەمێنێ.
من سەرقاڵم؛
بە تۆوە نا وەك بکوژێك،
وەك ئەوەی خۆم وێنای ئەکەم،
لە دەرەوەی ئەو واقیعەی ئەمکرتێنێ
بۆنی جوانیت لە خۆم ئەدەم.

# لە پاڵ سێبەرەکەنەوە بمڕوێنە

لە قەدەرم جیانەبیتەوە،
من ئەتوانم دەستێکت پڕکەم لە ڕۆشنایی و
دەستەکەی تریشت لە ماچی حەرام.
من ئەتوانم لە وەهمی خۆمدا بە ئاسانیی جێت بکەمەوە،
ببمە نەیژەنێکی گێل و
بەسەر شانتا، ئاوازی دنیایەکی کپ
دنیایەکی بێ مەراق و بێ جەنجاڵیی ببارێنم.
من ئەتوانم
هەر لە وەهمی خۆمت بگرم،
سەراپات وەك کچی دەریا
لە بریسك و باسکی فیردۆسێك هەڵبکێشم؛
کە جەنگ تیایدا شەرمەزار بێ
لە بەردەمی تێکشکانی بوکەڵەیەکی کوژراودا،
گەنجێتیت قەت نامرێنم،
خەندەکەت لە تاقی دڵدا دائەنێم و
پێکەنینیشت وەك جەللاد شوێن خۆم ئەخەم،
تۆش لە سێبەرەکەت گەڕێ
با لای من بمێنێتەوە،
چەند جوانترە لە وەهمی خۆمدا بتنێژم
نەك لە تاڵاوی واقیعدا هەراسان بی.

# شەوێك نەنیا.. وەك شۆڕەبی هەڵئەلەرزم

سروەیەکی هێمن و دەنگێکی بزر!..
ئەزانم وا زوو ناگەمە بەر ڕامانە کورتەکانت.
دێیت و خێرا وەك چاوتروکاندنی داوێك
وەکو جرپنیی کیژۆڵە،
وەك وردوخاش بوونی دڵێك؛
زۆر بە پەلە ون ئەبیت و کارەساتێك ئەخەیتەوە؛
کە دەیان ساڵ قەتماغە ئەژێنێتەوە.
بەرەو نیوەی ئەمشەوم ئەچم و
بە داڵغە تازە لە خەو هەستاوەکانم داتئەپۆشم،
نەبا لە بێ ئاگایی تۆدا..
ساتێك وەنەوز،
ئێرەیی بەو هەموو بوونەی تۆ لەلای منەوە ببا و
"لە فیکرت غافڵم بکا."
بەرەو نیوەی شەو ئەچم و
تازەکیی وا حزوری تۆ
لە پێچێکی خولیامەوە سەر دەردێنێت،
تازەکیی وا
گەردەلوولێك تاقەتم ئەپێچێتەوە
بۆ کیشوەری هەرزەکاریی و
هێواش هێواش..
تەفرەم ئەدا بۆ دڵکردنەوە لای شەمێك
مەگەر تەنها دڵی ئاسن
بزانێ چەند لەیەك دوورین.

# لە بێ ڕەنگییدا لە خۆت ئەچیت

لە بێ ڕەنگییدا ئەچیتەوە سەر نوتقی شەونم..
ئەچیتەوە سەر دڵشکاویی ئەستێرەو
بێ ئاگایی هەڵخزانی ساوایەکی پیڕەوکە.
گەر بەرد فێری دواندنی کردبای
چێشتەنگاوێك
زەفەرت بە سەرقاڵیی خۆر ئەبردو
بریسکەیەکیت لە ملتەوە ئەپێچاو
ئەهاتیەوە بەر ئاسمانی کوتوکوێری بینینی من،
ئاسمانێك..
کە بە سەردانێکت بۆ ئەبەد بۆنی خۆتی گرتووە.
کە ئێستاش گوێی بۆ ترپەی هەنگاوەکانت هەڵخستووەوە
لەبەرخۆیەوە
بە دەنگێکی ناقۆڵا
سڵاوەکانت وەڵام ئەداتەوە.
گەر ئاو فێری نەگەڕانەوەی کردبیت؛
بێ باکییت ئەوەندە توند لەسەر سنگم نەئەنیشت،
هەر هیچ نەبا
تەنها جارێك تینوێتی ئەشکاندم.

# میرانییە جێماوەکان

ئارەزوویەکی بە میرات جێماوم هەیە؛
زووتر بگەمە خوڵقاوە ئەفسانەییەکان و
درەنگتر چاوەڕوانییە شەرمنەکان شیتاڵ بکەمەوە.
لەوێدا بایەك دێت و من ئەناسێ،
مەقامێکی خاو و خلیچك چاوەڕوانمە.
دەستێك لە بن هەنگڵم ئەنەوێت و
هەڵئەسمەوە سەرپێی خۆم،
بۆ ئەوەی تەنها ژەمێك وەك گەڵای هەنجیر
وەك هەڵپەی نەورەسەکان
لە میهرەبانیی دەزوولەکانی خۆر بگەم.
لەوێدا مردن گەمەیەکی مەستانەیە
ئەوەندەی بژیم
پێم ئەڵێ ئەمە نەبوونە.
نەبوون وەك ئەوەی
تەمەنێك بە دیار پێچانەوەی سیگارێکەوە بەسەربەری،
نەبوون وەك ئەوەی
پەیامبەرێك داخی دڵی خۆی پێ ڕشتبی و
گزنگ لە زمانتەوە بە با بدا.
ودمێکی بە میرات جێماوم هەیە؛

ئەزانم پەیکەرەکان لە مرۆڤ ئاسودەترن،
گەڵایەکی وەریوی بە باراناو گەشتکردوو،
پێش ئەوەی مەنهۆڵێك سەفەری تاریکیی بۆ ڕێکبخا
نهێنیی تەمەنی خۆیم بۆ باس ئەکا..
من هەستێکی بە میرات جێماوم هەیە؛
پێش ئەوەی ئاو بگاتە لێڵایی
لە دوورەوە پێم ئەڵێت:
ژیان بوختانێکی گەورەیە بە بوون.

ودم: تخصص

# کشانەوە لە قوڵایی

بۆئەوەی بمناسیتەوە؛
بگەڕێ بە شوێن ئاسەواری
نازی خۆتا، لە دەمی برینەکانما..
هێشتا چڵکن نەبوون.
ڕەنگە بۆ ئەوەی پیاسەیەکت تەڕترو
خەیاڵت ئاوەدانتر بێ؛
ئەوەندە دوور نەبی چاکترە،
ئەوەندە سەرکوێرم نەکەی لە زیادەڕۆییمدا..
دەنا ڕۆژێك لەژێر سەرچەفی مردنەوە،
لە پاڵ مۆرانەیەکی بریسکەدارەوە،
لە ئاشنایەتیم لەگەڵ کرمێکی چاوچنۆکدا
پەیامێکم ئەبینییەوە.
ئەوسا کەست نابێ وەك من..
لە بێ باکیت ڕابمێنێ،
بەردەوام غروری جوانیت تیا بچێنێ.

# ئاونگی بەهەشت

بە چپەدوو
ئەگەمە یەکەمین ئێوارەی
خولقاندنی فریشتەکانی بەهەشت و
بە ترسەوە سڵاوێکت لێ ئەکەم..
بە شادمانییەوە تێپەڕ ئەبم و
لە چرکەیەکدا، بەڵێ هەر چرکەیەك
تاریکی سەراپام دائەگرێتەوەو
دێمەوە بەر پەنجەرەی ڕوانین:
ڕوانین لە ڕەونەقی تاسەی وێنەکانت،
لە وێنای لەنجەی بەیانیانی دیدارت
لە نسێی بەلارا کەوتووی سێبەرەکەت،
لە یادی سڵاوی بە ئاستەم درکاوی نامەکانت،
لە چاوگێڕانی بزێوت، بۆ مەراق و خەمەکانت.
بە جلوبەرگی قەترانیت، خەیاڵ پاراو ئەکەمەوە
ئاخر ڕەش جگە لە میهری خواوەندو
جگە لە نوری تایبەتی بەخشراوی،
جگە لە دەرخەری ساماڵی جوانی تۆ
بە هەزاران مانای قوڵیش دێنێتە گۆ.
سڵاوی تۆ ئاونگێکی بەهەشتیە ئەنیشێتە سەر خەیاڵم؛
سڵاوی تۆ
هەموو وشەو خەیاڵدانم ئەگرێتەخۆ.

# ترس لە وشیاریی

ئێمە کە مەحکوم بین بە نیگەرانیی،
بە خۆشەویستییەك بە دزیی خۆشمانەوە،
بە باوەشێك، بە مەحاڵ تەنرابێ؛
ئیتر چۆن بتوانین ئێرە بکەین بە شوێن.
ئێرە نە شوێنی لێیە نە کات،
نە هەناسە نە ژیان.
ئێرە نە خەندە لە لێو موتوربە ئەکات و
نە ئەهێڵێ لە دڵی خۆمەوە سەرەتاتکێیەك بکەم لەگەڵ تۆ.
ئێرە نە شوێنی لێیە نەکات؛
ئێرە ترسێکی ئەزەلییە لە وشیاریی،
کەوتووەتە نێوان بۆنی تۆو چارەنوسەوە.
ئێرە عەدەمە،
بە ناوی ژیانەوە جاروبار یەکتر بەسەر ئەکەینەوە،
جاروبار هێڵی درزێکی سەر سینە،
وەك هێڵە کێشراوەکانی تابلۆیەکی جەنگیی،
خەندەیەکی بریقەدار
ساردوسڕییەکی درێژخایەن، پڕی ئەکاتەوە.
ڕاستییەکەی ئەگەر تۆ نەبی
شتێك نییە ئەم عەدەمە بچوێنی بە نیگەرانیم و
وەرزێك نییە..
دەستی بگاتە ئەستێرەیی ڕوانین و
خورپەیەکی دەرکەوتنت.

# دەرووی ڕوون!...

گەر ئەکرێ لەو هەموو جوانییە بگریتەوە،
منیش لەو هەموو سەرنجە،
لەو هەموو دڵەڕاوکێ و خێرا لێدانەی دڵ
سەرنجێکی تازەتر ئەهۆنمەوە،
سەرنجێك تەنها خۆت بیناسیتەوە
سەرنجێك؛
کە تەنهاوتەنها من بتوانم بیدەم لە تۆ.
لە ڕۆژی من ڕەشتر ئەپۆشی
تا لە خەمی خۆری سنگتا ئاوام بکەیت و
لە پەراوێزی خەندەیەکا بمشاریتەوە.
لەسەر لێوت دوو باڵی لەزەت ڕواون،
هەر چاوەڕوانی فڕینی ئەو پیتانەم
بگەنە ئاسمانی زەینم،
تا لە پێکی شەوێکدا وەك بوهەیمییەك
سەرەڕۆیانە بینۆشم.
سوپاس بۆ سیحری ئارامیی پرسینەوەت، ئەی نازەنین!
گەرچی ئەشزانی ئارامیی
لە خەندەیەکتەوە ماڵێك بۆ ئەمرۆم و
تا هەتایە دروست ئەکا.

بوهەیمیی= گەڕیدەی سروشت.

# بەرەی ڕەنگەکان

لە بەرەی مارۆنییەکانی سروشتدا
هەر قەڵەمەکەی لێوی تۆ نییە،
زۆرێك كراس و بۆدی و قردێلەو تەسریحەی مارۆنیش هەن،
هێشتا دەستت بۆ نەبردوون.
پیرۆزەیی ئەو ڕەنگەیە تۆ لات خۆشەویست کردم و
ڕەشیش بە دەرکەوتنی پرشنگی تۆدا ئەناسمەوە.
ئیمە لە شەڕێکداین لەگەڵ ئەو ڕەنگانەی لە تێکشکانیانا،
چمکی پەراوێزی باڵاپۆشەکانمان ئەگرن.
لەگەڵ ئەو تیشکانەی
ئێرەییمان پێ ئەبەن و پاش ئەوەی زۆر جێ ئەمێنن
تانە لە دەرکەوتنی ڕەنگی نوێ ئەدەن.
گەر بشتوانن ڕەنگ ڕاگرن؛
خۆ ناتوانن ئەو پەیمانی خوێنەم کاڵ بکەنەوە
کە بە ڕەنگی تۆم داوە.

# دەنگێ لە هەوادا.. مەینەتێکی تر!!

مەینەتییەك بە نینۆك ئەڕوشێنم..
شیتاڵ شیتاڵ خۆی لە ڕوخسارم دەئاڵێنێ،
هەموو بوونم ئەکاتە تەنها ساتێکی سەرسام بوون و
پێش من،
چاوەڕوانەو هەڵوێستەیەك بۆ بینینت ئەکا.
بێزارییەك خۆی لە من هەڵکێشاوەو
ئاسوودە ئاسوودە ئەڕوانێتە چرۆی چرپەیەکت،
سنوری درەوشانەوەت،
خۆڵەمێشی یادەوەریی منالێی و،
بێداریی خەندەو تریقەی لەیەك نەچووت.
لە خەونێکی شیلە گرتوو، کە ئاسۆی دیدەم بەرنادا
مەینەتێکم بۆ خۆم بەرپا کردووە؛
هەر بۆ ئەوەی
بزانم ئازار لە چ دەفتەرێکی سەرخۆشما بنوسمەوە.
کە مۆبایلەکەش بە هەڵپە بۆ زەنگی تۆ
بۆ کورتەی پەیامێك جەستەی دێتە لەرزین،
مەینەتێکی تر لە گۆمی چاوەڕوانیمدا دەرئەخەی،
مەینەتی دەنگی چپەودووی مانگە شەو و ئەستێرەی ورد،
مەینەتی دەنگی کانیلەو کوزەڵەیەکی سەماکار

مەینەتی دەنگی کچانەو پیرەمێردێکی بێ کەنار.
ئەویش ئەبێ بە تابلۆیەکی کزۆڵەی مەزنی ڕێکپۆش
بە ئازاری تێهەڵچەقیوی نازفرۆش
بە مەیلێکی هاروهاجی تازە گۆش
بە یەخسیرکاری ئیرادەو دڵ و ئاسمانی بیروهۆش،
بەڵام ئەی یار، ئەو دەنگە چاوگەی ژیانە،
لێم وەرگرە بڵێم: دەنگ خۆش...!

# ناکرێ کوێربیێتەوە

مادام تۆ هەیت،
ئەو گوللانەی بۆ کوشتنم ئەتەقێنرێن،
سەر ئەکەن.. یان هەر تیغ و ڕووشاندنێك.
مادام تۆ هەیت..
هیچ گومانێك چەکەرە ناکات و
دەمی هیچ ترسێك ناکرێتەوە.
ناگەمە هیچ کۆڵانێکی داخراو،
هیچ شیکارییەکی ئاڵۆز،
ناگەم بە هیچ برادەرێکی مونافیقی ترو
هیچ نیازێکی خۆکۆشتن.
مادام تۆ هەیت..
لێواری سەربانە بەرزەکان ڕوونتر دیارن،
دەست و پەنجەم نەرمترە
بۆ خاوێن کردنەوەی باوەڕم.
بەوە نابێ، خۆمیان لێ نەبان ئەکەم، هەهە
دووڕووەکان باشتر ئەناسمەوە.
گوێ لە درۆ زۆر گەورەکان ئەگرم و
لای من وایە گەر خاوەنی شەرم نەکا لە وتنی؛
بۆ من ئەبێ شکم هەبێ لە هارە کردنی.

تا تۆم هەبی؛
ناکرێ ڕێی ئەو هەموو جوانیانە نابەڵەد بم.
ناکرێ دەریایەك بۆ بێدار بوونەوەی ماسییەك
لە خەو ڕاچڵەکێنم.
ناکرێ دەرکی ئەشکەوتێك لە شەمشەمەکوێرەکان بگرم،
ئاوەدانییەك تۆ لەم ماڵی وشانەدا خوڵقاندت،
ناکرێ کوێربێتەوە.
تا تۆم هەبیت..
نائومێدیی چێنراوی ماڵەکەم
ئاو نادەم و
بە هانای چەندین پاساریی تەڕبووی بەر بارانەوە ئەچم.
تا تۆم هەبی..
ناکرێ تەیمانی ئەو باخە بێزارە نەبم،
کە نەك هەر لە فڕینی گەڵاکانی وەڕس بووە،
بەڵکو ڕۆژانە
مەخلوقە کرمەڕێز بووەکان ئەتفێنێتەوە.
تۆ خۆت چیرۆکی مەزنیت ئەگێڕیتەوە،
پێویست ناکا دەست وەربدەمە کونجی ئارامیت.

# کە خۆت شیعرببپرژێنی !!...

ئیتر وێنەکان پشتم تێ ئەکەن،
دڵی گەڵا لێم ئەڕەنجێ!
بەرد لەگەڵما ساردو سڕو
شەقامەکان نامگرنە خۆ.
ئیتر نە پرووشەی بەفرو
نە تەنکە بارانێکی تەریو، نامناسنەوە،
نە ساماڵێك دێتە سەردانیی و نە خەندە
مەیلێکی تر ئەدەن بەتۆ.
لێناگەڕێی سێبەرێکی نەبینراو بم
بەناو چڕیی گەنجیتەوە
بکشێم و خۆتم تێ نەگەیەنی
دەی چۆن نەزیفی وشەکان یاخی نابن
کە خۆت شیعر بپرژێنی.؟
تۆ لێگەڕێ،
من دڵشکانی ئەو هەورەم
کە هەرگیز ناگیرسێتەوە.
تۆش ئیتر تەنها خەیاڵی نائومێدیت
ئەفسوس گەورەم.

# چرپەیەك لە بێدەنگیدا

چرپەیەکم ئەوێ،
کە لە خەو ڕاچڵەکی
لە بێدەنگیی بپێچیت و
لە ڕۆحما کارەساتی نوێ بقەومێنێ.
چرپەیەکم ئەوێ ئاشنا یێ بە میهری خۆت،
دۆستی بەخشندەییت بێت و
هەر بە جوڵەی بە ئاستەمی دەم و لێوت؛
تەفرەم بدات.
تۆ ئەزانی من هەڵگری جادووی نازێکم لە گەنجیت؛
منیش ئەزانم ئەو عەشقەی لاسارانە تێم بەربووە،
نە بۆ منەو نە تۆش بەخشندەی لە ئاستیا.
تەنها چرپەیەك
وەك نوشتەی شێخێکی سەردەمی بەردین بنوسەوە،
تەنها چرپەیەك
وەك ڕازی دەروێشێکی حاڵ لێهاتوو بلێرەوە،
تەنها چرپەیەك وەك ئەوەی
زامێکی قووڵ ساڕێژ بکا،
هەر ئەوەندەو ئیتر بەسە بە من بگا.

# ئەو ڕێگەیەی نابڕێتەوە

ئاو بەسەر بەردێکی سەراپا ڕەشپۆشەوە
گەزۆی بەسەردا باری.
من چاویلکەیەك شك نابەم؛
ئەو جوانییەم
ئەوەندە درەوشاوە نیشان بدا
بتوانم گرتەیەکی بئاخنمە خەویێکمەوە،
خەو.. بۆ کوژانەوە، لە ماچی تیوارترین تویژاڵدا،
وەك لێو بۆ نمونە،
یان لێواری بلورێکی پرشنگدار،
یان تەماسی نێوان
بزێویی کەزیی و
گەنەمووی دەسکاری نەکراوی سەرگوێ.
تۆ ئەزانی دانیشتنیش لەبەردەمی قوڵترین هەناسەی خوادا،
بوێرییەکی زۆری ئەوێ؟
تەوقە کردنێك سەرکێشییە؟!
خودایە..! هێزێکم پێ ببخەشە، وەك ئەوی بە باخەوانت بەخشی..
تا بتوانم خەندەیەکی پڕ بە لێوی
گێلاسییێکی کوشندە ببینم.

# ئاسودەیت.....؟

مەبەستم بوو بزانم ئاسودەیت،
یان تا ئێستاش خڕە بەردێ، یا چیلکەو چەواڵێ
لە پاژنەی نیگەرانیت نەبووەتەوە؟
مەبەستم بوو بزانم دەنکە هەنارێکی مێخۆش،
کە بە کورتە چیرۆکی خەوێکدا بۆم ناردی
گەیشتە ژێر دانت،
یان تینووی
بە خوێنی لەبەرگیراوی توتڕکێکی سەرخۆش!
ئیتر خۆت و وێنەکانت،
ڕوونتر باخی بێدەنگیی من ئەناسنەوە.
لە دڵی مندا گیاکەڵە شین نابێ،
تا هەنگاوەکانتم لێ تاك و جووت بکا،
بە هەموو خۆمەوە
لەبەر سێبەری لەزەتی بینینێکدا خۆم هەڵئەخەم،
لەگەڵ تارمایی خەندەیەك و
لەبەرڕۆشتنی نازێکتا
بە هێمنیی گەمە ئەکەم.
لەوە زیاتر چی شك ئەبەم؟!

"لە ئاودا... ڕامان"

ئەڵێی شمشاڵێکی کوێرم
بیری فویەکی نیانی تۆ ئەکەم و
لە گۆرانییەك جێماوم.
ئەڵێی تەنافێکی ڕووتم
زۆر دەمێکە چرۆی خەندەو
بەستەی لەنجەی پەیامێکتم لێبڕاوە.
بیرت ئەکەم
وەك ئەوەی یەکەمینجار بێ
بەردێك لە سەرگوزشتەی خۆی وەدەرنابم،
ڕێك وەك ئەوەی
لەبەر قرچەی بۆنی گوڵ و لەنجەی قەرسیلدا تیامابم،
یەکەمین جاربێ تەڕبوونی کوزەڵەیەك بشۆمەوە؛
بێدەربەست لەبەر ئارەقەی شەماڵێکدا
وڕێنەی زەرد هەڵگەڕاوبم
لە جوانیی درەوشانەوەی ئەستێرکی خەمم ڕامابم

# مێرولەکردنی خەیاڵ

ئەگەر لێرەوە تێپەڕیت؛
بزانە چرایەك هەیە، خامۆش.. چاوەڕوانتە هەڵیکەی.
پێکەنینێکی نەبڕاوە چاوەڕوانتە؛
دەستی ئەدەیتێ و وەك شەکرۆکە ئەیکرۆژیت.
لاپەڕەیەك بۆ یادگاریی نوسینەوە،
گلۆپێك بۆ بەرچاو ڕوونیی و
عەلاگەیەکی گەورەی جل بۆ پیا هەڵواسینی خەم و
مێژوویەك بۆ دەست پێکردن
ئەیانەوێ دەست وەربدەنە ناو دڵم و
نیگەرانیی کاروانچییەك
لە بەر خۆری داگیرساوی پەشیمانیدا هەڵبخەن.
ئەگەر لێرەوە تێپەڕیت؛
سەرێ بدە لە کتێبە هەڵڕێژراوەکانی ڕوحم
لە ماچە لێرولەوار کەوتووەکانی ناو ژوورەکەم
لە هەناسەی بەسەر یەکدا کەوتووی ماڵی هەراسانیم
سەرێ بدە لە " ڕوحی بێ لێوار"ی شەونخونیم و
وەك ئەستێرە لالوتەکانی موحیبەت
بموەرێنە
تا ئەبمەوە بە سەرمەشقیی بازەکانی چۆڵەوانیی.

# دیوارێکی بڵند، بەقەدەر خۆت

پیریی لە پەنجەرەی یادەوەرییم ئەدا..
من بە ڕوبارم وت؛
برژانگی گەنجیت با هەڵنەوەرێ
زۆر نییە دەریا بە کەناری سپاردووم.
پێکەوە لە کەڵەکە بەردێك ڕاماین
زۆر نەبوو ڕەق هەڵاتبوو وەك گریانی جەللاد،
زۆر نەبوو دڵی بە نازێك ئەکرایەوە؛
کە ئەو بێدەربەست بەسەریا کردی.
ئەو نەیئەزانی
پیریی ئەخزێتە ناو ڕستەشەوە
کاتێ لە چنینی وشەکان نەبووەوە.
ڕووی لولەی پێکەنینت بگرە من،
ئاخر هەر لە منالییەوە
من نەمزانیوە لە خەندە بگەم.
نەمزانیوە جۆن بە دڵێکەوە بگیرسێمەوە
کە بەردەوام ڕایماڵێ بم.

# سارد

سارد تا یەقین، تا خوا حەز بکا سارد!
لە بیانوەیەکی نێژراو ئەگەڕایت
سەری پەنجەت جێ نەهێڵێ بە کەناری ڕوانینمەوە،
دڵنیایی فەرامۆش بکەیت و
شەپۆلەکانی قژت کۆت بکەیتەوە.
تۆی ئەتەوێ لەخەندەم ساردتر بێ بیستنم،
بەسەر دەمی گوێزانا سڵاو تێپەڕێ.
باوەشێك گوڵ وشك ببێتەوە
بەسەر مێزی قاوەخانەکەوە.
چاوەڕوانی چی بکەم کە بزانم تۆ قەت نایەیت؟!

# بەدەم مردنەوە ئەچم

هەندێ شەڕهەیە بە من ناکرێ:
شەڕی بە گڕا چوونەوەی سێبەرە غەریبەکان و
شەڕی پاراستنی ئایدزو
کۆکردنەوەی تێکشکانم،
شەڕی ڕووتبوونەوە لەبەردەمی حەوایەکی شەرمندا،
شەڕی بۆنەو یادەکانی پێناسی نیشتیمانی،
شەڕی گێڕیی و گەواڵیی ئەوانی ترو
پێدزکە کردنی کل لە چاوفڕێنەکان و
چیرۆکە سێکسییەکانی پیاوە سەرسپییەکان.
هەندێ جەنگ هەیە بە من ناکرێ:
جەنگی بێدەنگ کردنی دوو ڕووە لە خشتەبراوەکان،
جەنگی سەرەڕۆیی ڕژانی ئارەقەی شەرم و
نەزانیی بە بتکراوەکان و
سەرخۆشیی قەشە گیرخواردووەکان.
من پیاوێکم هەمیشە لە شەڕدا، هەمیشە لە جەنگدا،
بە دۆڕانم، سەرسەختتر ئەبم بۆ بەگڕاچوونەوە،
ئەمانە هەموو هەوڵێکن بۆ مردن.

# وەهمی پەتیی

گەنجێتیی مەستە،
وەك سەردێڕی یەکەمین چرپە،
وەك یەکەم ماچی لێوی تەڕ،
وەك چەخماخەی
تێکەڵ بوونی خوێن،
پەلەیەتی.
گەنجێتیی شێتییە وەك چرا،
کاتێ لێوەلەرەی خۆی ئەشارێتەوە
لە هەمەجییەتی دڵی مانگ.
شێتییە وەك پیریی
کاتێ سنگ و بەرۆکێ
چاوی ئەدزێ،
کاتێ هەتاوی گەردنێ
بە ماچی ترس ئەشواتەوە،
گەنجێتیی ئەفسانەی پیرە
کاتێ قژ بەردانەوەیەك
بێ ئاگا لە دڵە خورپەی ڕووبارەکان
تەمی شەهوەت ڕائەکێشێ

نەخشەی جۆگە دائەڕێژێ.
گەنجێتیی هەوەسی شۆخێکە ناکاماڵ:
بۆ لەباربردنی خەیاڵ،
بۆ زاینی چرە دوکەڵی غەفڵەت و
بۆ گەیشتن بە کاکڵەی شاراوەی وەهم،
گەنجێتیی خۆی دڵکوژێکی بێ پەروایە
دزە نیگایەکی کاڵیش
ئەبەد ناگرێتە شوێن پێی خۆی.
گەنجێتیی بێ پشت و پەنایە،
ئاو بە ژێر خۆیدا ئەکا،
زوو ئەڕوات و تیژ ئەڕوات و توند ئەڕوا.
بەری درەختە بەردارەکان ناخوا،
بەری درەختە بەردارەکان بەرئەدا،
بەری درەختە بەردارەکان ئەکا بە گۆمی خوێن.
گەنجێتیی ماسییەکە تاس و لووس
برژانگێکە شکاو
قڵیشی بەری دەستێکە سەرەڕۆ.
ئەنگاوتەیەو تیر پێکەوتوو،
شارێکە پڕە لە بۆن سۆ،
مورغێکە تیژڕەوی نازدار
شیعرێکە بە بەری دڵدار.
گەنجێتیی لە پرسەی مناڵیی گەڕاوەتەوە

بڕیاری نییە بۆ داهاتوو
بڕیاری نییە بۆ گوێگرتن
بڕیاری نییە بۆ عەشق.
گەنجێتیی پێکەنین لە جوانییەوە ئەپێچێ
تەخشان و پەخشانی ئەکا
لە هیچ شوێنێك ڕاناوەستێ
لە هیچ شوێنێ پشوو نادا.
گەنجێتیی فیردۆسێکە بێ نیشتیمان
میحنەتخانەی هەموو مەستێ.

جوانی، لەگەڵ بادا ئەگا؟
یان بە مەستیی جریوەی تۆ؟
شیعر وێنای بەدبەختییە
یان ئۆباڵی تورەبوونێکی هەڵاتوو،
حەرفی من بیگرێتە ئەستۆ؟
با لەم خەیاڵ و ئۆباڵە تێوەگلێین
من دەمێکە بە دوای عەشقێکی سەرخۆشا
ئەگەڕێم، تـــا
بگەمە قووڵایی تەڕ بوون.
بەو جوانیانەت ماندووم کە،
بمگەیەنە
ئەوپەڕی پووچی و بێ فەڕ بوون

# ئاونگی بەهەشت

بە چپەدوو
ئەگەمە یەکەمین ئێوارەی
خولقاندنی فریشتەکانی بەهەشت و
بە ترسەوە سڵاوێکت لێ ئەکەم..
بە شادمانییەوە تێپەڕ ئەبم و
لە چرکەیەکدا، بەڵێ هەر چرکەیەك
تاریکی سەراپام دائەگرێتەوەو
دێمەوە بەر پەنجەرەی ڕوانین:
ڕوانین لە ڕەونەقی تاسەی وێنەکانت،
لە وێنای لەنجەی بەیانیانی دیدارت
لە نسێی بەلارا کەوتووی سێبەرەکەت،
لە یادی سڵاوی بە ئاستەم درکاوی نامەکانت،
لە چاوگێڕانی بزێوت، بۆ مەراق و خەمەکانت.
بە جلوبەرگی قەترانیت، خەیاڵ پاراو ئەکەمەوە
ئاخر ڕەش جگە لە میهری خواوەندو
جگە لە نوری تایبەتی بەخشراوی،
جگە لە دەرخەری ساماڵی جوانی تۆ
بە هەزاران مانای قوڵیش دێنێتە گۆ.
سڵاوی تۆ ئاونگێکی بەهەشتیە ئەنیشێتە سەر خەیاڵم؛
سڵاوی تۆ
هەموو وشەو خەیاڵدانم ئەگرێتەخۆ.

# چرایەك بۆ شەمی شەوان:

لە بیانویەك ئەگەڕام بێمەوە بەر پەنجەرەی خەیاڵ. سەرم لە ڕۆشنایی گیانم کزترو بەدەنم لە وشەکانم هەڵڕژاوتر..

سەرخۆشیی بە گاگۆڵکێ نیشتە سەر پەنجەم.

فلاشباگ:

وێنەیەکی بەسەر گلێنەمەوە سەمای ئەکرد

پێڵووم دەستی بۆ چنگێ

ڕۆشنایی بردو

لە پشت دێڕەکان خۆم شاردەوە.

ئەی چی ئەبێ بەیانییەك

بە زەنگێك لە خەو هەستم و

تا سێبەرەکەم ئەدۆزمەوە

تا نیگاکانم بۆ کۆئەکرێتەوە

تا لە جەنگی ئەژدیهاکان ئەبمەوە

# من مردبم ؟!

ئۆوا!! بیرم نەبوو دوێنێ هەر بەسەرخۆشیی وێنەیەك لەسەر
دیوارەکەی بکێشم و لەسەر نینۆکەکانی ناوی خۆم هەڵکۆڵم..
تەنها ئەوەندەم بیر بوو کات بوەستێنم، بۆ ئەوەی نەزانم
چەندم پێ ئەچێ، تا لە خۆکوشتنم ئەبمەوە.
تەنها ئەوەندەم بیر بوو بە سەرخۆشییم بڵێم: ئەوە تۆ نیازت
چییە؟ ئەوە چەند سەدەیە چاوت بڕیوەتە پەپولەکەی سەر
سنگی و ناگەڕێیتەوە بۆ مردن؟
دیمەنێکی تر:
نازانم چەند دیمەنی تر ئەنوسمەوە پێش ئەوەی بچمەوە ناو
گۆڕە گەورەکەم.. ئاخر گۆڕەکەم ئەوەندە بێ سەرو بنە، خۆشم
سەر دەرنابەم چۆن بۆی بگەڕێمەوە.
ئەوەندە ئەزانم سەرم لە دارهەنارەکانی سپی ترەو
دەنگم لە مرواریيە شکاوەکانی زیزترەو
ئارامیشم.. ئاخ ئارامیی!!
بستێکی گۆڕەکەم نەماوە بە دوایا نەگەڕێم،
ژێر بەردێکی هەراسان نەماوە، بۆم باس نەکردبێ.
هەر لە دەرگاوە

تا ئەگەمە ژووری مێروولە شەرمنەکانی هاوڕێم.. هەموو ئەزانن چیم لێ ون بووە!

ڕۆژێکیان ترسی ناو کتێبە هەڵوەریوەکە پێی وتم لە کوێوە شوێن پێی هەڵگرم، بەڵام دادی نەدا، ئەو ڕێگەیەی ئەو پێی نیشاندام، ئەیهێنامەوە بۆ ژیان. ئیتر منیش تەوەزەلییم کردو دواتریش بیری خۆم بردەوە.

تەنها شتێ ئەمشەو دڵێکی بۆ خستمە سەر پەنجەرەی یادەوەرییەکانم، ئەویش ئەو شنەیە بوو، کە نەئەمگاتێ و نە ئەیگەمێ.

# سالبڕێر

چ باكم بە گێڕانەوەی ئومێدە؟
كە دەستێكی بە قاقایەكەوە لەسەر ملم ڕانابوو
بۆ ڕەسم گرتنێكی گومڕایانە،
كە تا بینم لە یەئس و وەهما نغرۆ بوو.
من سالبڕێرێكی شكست و
خەمگەڕێكی دنیا دیتەم..
لە نێوانی من و جیهانی ئەفسانەمدا
نیگایەكی كز ماوەتەوە؛
كزتر لە سەرەتاتكێی خۆم
بۆ ژوانێكی مایەپووچ و
ئەو بۆ پێكەوە بوون.
من ئیتر ئاوا ئەمێنمەوە بۆ وەراندنی ساڵەكان و
هەرواش ئەمێنمەوە بۆ خۆشویستنێ
كە نە بارانێكی هەیە بۆ نمە و
نە خەندەیەكیشی تیایە بۆ لۆچكردنی ساڵەكان.